

# شەفافییەتی نەوتی کوردستان
# لە چاوی دیلۆیتەوە


**نووسینی**

**سەنگەر ڕەسوڵ - فەرمان ڕەشاد - ئاری عەبدوڵڵا**



ئامادەکردنی

ڕێکخراوی ستۆپ

**STOP Organization**
for Anti-Corruption

# شەفافییەتی نەوتی کوردستان

## لە چاوی دیلۆیتەوە

**هەڵسەنگاندنێک بۆ شەفافییەتی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان**

**ئامادەکردنی**
ڕێکخراوی ستۆپ

"ولآتە هەژارەکان لەبەر ئەوە هەژار نین، کە سامانی سروشتیان کەمە، بەڵکو چونکە دامەزراوەی سیاسی و بەڕێوەبردنی کارایان نیە"

فرانسیس فۆکۆیاما

**ناوی راپۆرت:** شەفافییەتی نەوتی کوردستان لە چاوی دیلۆیتەوە

**ستافی ئامادەکار:** (سەنگەر رەسوڵ - فەرمان رەشاد - ئاری عەبدوڵــڵا)

**ساڵی چاپ:** 2019

**شوێنی چاپ:** چاپخانەی کامبرج - هەولێر

بڵاوکراوەکانی رێکخراوی ستۆپ زنجیرەی (18) ساڵی 2019

# ناوەڕۆک

پێشەکی ........ 4

بەشی یەکەم
پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان

کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان لەماوەی سالآنی 2004- 2009 دا ........ 6
کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان لەماوەی سالآنی 2010 بۆ 2018 ........ 7
ئەو گۆڕانکاریانەی تا کۆتایی 2014 رویدا ........ 7
هەنگاوەکانی شەفافیەت لە کەرتی نەوت ........ 8
پرۆسەی چاکسازی و هێنانی کۆمپانیاکانی وردبینی ........ 10
کۆمپانیای دیلۆیت ........ 10
کۆمپانیای ئەرنست ئەند یۆنگ ........ 11

بەشی دووەم
هەنارده و داهات بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەنارده و داهات بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ........ 16
ووردەکارییەکانی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی (PSA) ........ 17
شیرینی گرێبەستەکان ........ 18
شیکردنەوەی راپۆرتەکانی دیلۆیت لەسەر داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی (PSA) 19
راپۆرتی یەکەمی دیلۆیت ........ 19
راپۆرتی دووەمی دیلۆیت ........ 23
راپۆرتی سێیەم دیلۆیت ........ 28
جیاوازییەکانی راپۆرتەکان ........ 31

بەشی سێیەم
حکومەتی هەرێمی کودستان و پابەندی بە پێوەرەکانی
دەستپێشخەری شەفافیەت بۆ پیشەسازییە دەرهاتوەکان (EITI)

پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی دەستپێشخەری نێودەوڵەتی شەفافیەت ........ 34
چەند سەرنجێکی گشتی لەسەر راپۆرتەکانی دیلۆیت ........ 36

بەشی چوارەم
قەرزەکانی هەرێمی کوردستان

شێوازی قەرز دانەوەی هەرێمی کوردستان ........ 38
بەراوردێك لە نێوان قەرزیەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ ........ 38
پرسی دانەوەی قەرزەکانی حکومەت لە راپۆرتەکانی دیلۆت
گێڕانەوەی پارەی نەوت ........ 40
سەرچاوەکان ........ 41

# پێشەکی

پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ لە چوارچێوەی یاسای ژمارە ٢٢ی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ڕوێکی یاسایی وەرگرت، کە تیایدا بە ڕوونی لە یاساکە هاتوە پێویستە حکومەتی هەرێم پابەندی بنەماکانی دەستپێشخەری شەفافیەت بۆ پێشەسازییە دەرهاتوەکان بێت، کە چەندین بنەمای گرنگی بۆ چەسپاندنی شەفافیەت لەو کەرتە لەخۆ گرتووە، بەڵام تاکو ئێستا ڕەخنە لە حکومەتی هەرێم بەردەوامە بەهۆی نەبونی زانیاری پێویست و ناڕوونی لە بارەی پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتن و داهاتی نەوتی هەرێم و پرسی گرێبەستی کۆمپانیا نەوتییەکان.

ئەو ڕاپۆرتانەی کۆمپانیای وردبینی دیلۆیت لەبارەی نەوتی کوردستان دەکرێت بڵێین هەنگاوێکی باشە لە بواری پەرەپێدانی شەفافیەت، بەوەی کۆمەڵێک داتا و ژمارە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام وەڵامدەرەوەی سەرجەم پرسیارەکان نییە، هێشتا کۆمەڵێک هەنگاوی پێویست ماوە بۆ جەسپاندنی شەفافیەت لەو کەرتە، لەو ڕاپۆرتە بەشێکی خراوەتە ڕوو.

بەگوێرەی داتاکانی ئەو سێ ڕاپۆرتەی دیلۆیت، دەردەکەوێت برە پارەیەکی زۆری داهاتی نەوت لە بۆ دەستحەقی کۆمپانیاکان دەڕوات کە نزیکە لە نیوەی داهاتەکە، ئەوەش جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە و پێویستی بە پێداچونەوە بە جۆر و شێوازی گرێبەستەکان هەیە، سەرەڕای ئەوەی تا ئێستا وردەکاری ئەو گرێبەستانە ئاشکرا نەکراون.

ئەو ڕاپۆرتە گێڕانەوەیەکی خێرایی پرۆسەی دەرهێنانی نەوت و هەنگاوە جۆربەجۆرەکانی لە خۆگرتوە، وردەکاری هەر سێ ڕاپۆرتی دیلۆیت خراوەتە ڕوو لەگەڵ شیکار کردنیان، هاوکات ڕاپۆرتەکان بەراورد کراون بە پێوەرەکانی دەسپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازییە دەرهاتوەکان کە ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتییە بۆ شەفافیەتی نەوت و گاز، خاڵە بەهێز و لاوازەکان تیشکیان خراوەتە سەر.

بەو هیوای ئەو ڕاپۆرتە بچێتە خزمەت بەهێزکردنی شەفافیەت و ڕوونی لە پرۆسەی دەرهێنان و فروشتن و داهاتی نەوت لە هەرێمی کوردستان.

# بەشی یەکەم

- پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان
- هەنگاوەکانی شەفافیەت لە کەرتی نەوت
- پرۆسەی چاکسازی و هێنانی کۆمپانیاکانی وردبینی
  - کۆمپانیای دیلۆیت
  - کۆمپانیای ئەرنست ئەند یۆنگ



# پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا، بە مەبەستی گەڕان و دۆزینەوە و پەرەپێدانی نەوت لە چەند کێڵگەیەکی نەوتی لە ئاستێکی سنووردارادا، لە ڕێگەی دوو دەزگەی دیاریکراو، کە بریتی بوون لە (دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتەکان) و (دەستەی گشتیی نەوت و پترۆکیمیاییەکان) دەستی بەکارکردووە. هەرچەندە پرۆفیسۆر دەیڤد فلیپس کتێبی بەهاری کوردان: نەخشەیەکی نوێی خۆرهەڵاتی ناوەراست، دەڵێ، هێزە باڵادەستەکان هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 لە رێی تورکیاوە نەوت بەشێوەیەکی نایاسایی دەفرۆشن. سەرەتای دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە شیواشۆك دەرهێنراوە. کێڵگەی تەقتەق لە ساڵی 1978 دۆزراوەتەوە و بەرهەمهێنان بە رێژەیەکی زۆر کەم لە دوو بیری ئەو کێڵگەیە لە ماوەی (1994 تا 1996) کرابوو. گەشەی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان هەتا ساڵانی 1994- 1996 تەنیا بریتی بووە لە هەڵکۆڵین (درێلینگ) و بەرهەمهێنان لە دوو بیری نەوت لە کێڵگەی تەقتەق. تاوەکو 2003، بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی ناو سنووری ئێستای هەرێمی کوردستان بەرفراوان نەبوە، دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوی عێراق، پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە کوردستان بە شێوەیەکی خێرا، کاری تێدا کرا. هەر بۆیە پەرلەمانی کوردستان (یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2007ی تایبەت بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی) دەرکرد، بەخێرایی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمەڵێك کۆمپانیای ئەمەریکی و کەنەدی و نەرویجی و فەڕەنسی و تورکی و بریتانی و ڕووسی و ئیماراتی واژوو کرا.

کۆمپانیای گەنەڵ ئێنێرجی تورکی یەکەم کۆمپانیای جیهانیی نەوت بوو کە رووی کردە کوردستان. ئەو کۆمپانیایە بەپێی رێککەوتنی ساڵی 2002ی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە پەرەپێدانی کێڵگەی تەقتەق و بەرهەمهێنانی نەوت.

پاش دامەزراندنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە 2006، ساڵی 2007 یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پەسەندکرا و رێکخراوە فەرمییەکان بۆ گەشەی ئەو کەرتە دامەزرێنران. پاشان بە دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر لە 48 بلۆك و هەشت ناوچەی نەوتیی جیا و دەستپێکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی تاوکێ، هەنگاوەکان بۆ راکێشانی کۆمپانیا بیانییەکان دەستپێکرد.

### کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی 2004- 2009 دا

- یەکەم گرێبەستی نەوت لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی تاوکێ واژۆ کرا.
- پێنج کۆمپانیای بیانی: (گەنەڵ ئێنێرجی، پێت ئۆیل، پرایم نەچراڵ ریسۆرسس، DNO و وێستێرن زاگرۆس) هاتنە کوردستان و گرێبەستیان واژۆکرد.
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دامەزرێنرا.
- حەوت گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان واژۆ کران کە گرێبەست لەگەڵ گەنەڵ ئێنێرجی بۆ پەرەپێدان بە کێڵگەی تاوکێ گرنگترینیان بوو.
- KNOC، رێلایانس، هێریتاج، A&T و ئاساکس هاتنە کوردستان.
- یەکەم بیر لە پاش 2003 لە کێڵگەی تاوکێ لە ساڵی 2005 لێدرا.
- پرۆژەی دۆزینەوە و درێلینگ لە هەشت بیری دیکە دەستپێکرد.
- هەرێمی کوردستان بۆ 48 بلۆك و هەشت ناوچەی نەوتی دابەش کرا.

- نزیکەی نیوەی ناوچە و بلۆکە نەوتییەکان گرێبەست و ڕێککەوتنیان لەسەر کرا.
- نیوەی ئەو کێڵگانەی دۆزینەوەی نەوتیان تێدا دەکرێت لە پاش 2003 دۆزراونەتەوە.
- نزیکەی 30 کۆمپانیای جیهانی ڕوویان لە کوردستان کرد.
- 16 کۆمپانیای نوێ هاتنە کوردستان کە داناغاز، هانت ئۆیڵ و گۆڵف کیستۆن لە بەناوبانگەکانیانن.
- بەرهەمهێنان گەیشتە 50 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.
- هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە دەستیپێکرد.
- حەوت گرێبەستی دیکەی پەرەپێدان و بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتیە سەرەکیەکانی کوردستان واژۆکران.
- خێرایی پڕۆژەکان بۆ دۆزینەوەی نەوت بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد.

## کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی 2010 بۆ 2018

دوای ساڵی 2009 کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل، تۆتاڵ، شێڤرۆن و گازپرۆم گرێبەستیان بۆ یەك یان چەند کێڵگەیەك واژوو کرد و ئەوەش ناوبانگی نەوتی کوردستانی زیاتر بەرزکردەوە. تاوەکوو 2014 زیاتر لە 180 بیری نەوت لە کوردستان لێدران کە 55% بۆ 60%ی ئەو بیرانە لەڕووی بەرهەمهێنانەوە سەرکەوتوو بوون.

لەو ماوەیە چەند کێڵگەی نوێ وەکو (سەرقەڵا، بنەباوێ، سوارە تیکە، بەنەنا، ئەترووش، پێشخابوور، باکرمان و شیوەشین) دۆزرانەوە. بۆڕی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان تەواو بو، بەرهەمهێنان لە چەندین کێڵگەی نوێ دەستیپێکرد، لە 2014 گەیشتە نزیکەی 250 هەزار بەرمیل و بە کەڵکوەرگرتن لە نەوتی کەرکووك و بای حەسەن بۆ سەرەوەی 650 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی 2015 بەرزبووەوە. تا ئەوکات 10 وڵات بوون بە کڕیاری نەوتی کوردستان و مەترسیی فرۆشتن لەسەر نەوتی کوردستان نەما.

## ئەو گۆڕانکاریانەی تا کۆتایی 2017 ڕوویدا

- 16 کۆمپانیای نوێی جیهانی ڕوویان کردە کوردستان کە ئێکسۆن مۆبیل، شێڤرۆن، تۆتاڵ و هێس لە بەناوبانگترینیان بوون.
- توانای بەرهەمهێنان لە کێڵگەکانی ناو هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر لە 400 هەزار بەرمیل بەرزبووەوە.
- هەناردەکردن بۆ زیاتر لە 300 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەوە.
- 36 دۆزینەوەی بەرچاو لە کێڵگەکانی کوردستان تۆمار کران، یەدەگی 10 کێڵگە بۆ بەرهەمهێنان گونجاو و ئابووریانە بوون.
- بەرهەمهێنان لە چوار کێڵگەی سەرەکی سەرنجڕاکێش بووە و دەگاتە زیاتر لە 300 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان لە ساڵی 2015 و سەرەڕای دابەزینی لە 2016 بۆ 597 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا و دوای ریفراندۆم و 16ی ئۆکتۆبەری 2017یش بۆ 268 هەزار بەرمیل. لە ماوەی ساڵانی 2010 بۆ 2017 بەشێك لەو کۆمپانیایانەی هاتبوونە کوردستان کارەکانیان ڕاگرت و نەیانتوانی ئامانجەکان بپێکن، بەشێك بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و خەرجیی پێویست بۆ وەبەرهێنان لەو کێڵگانە کە ئەو پڕۆژانەی لە سەرفەی ئابووری دوورخستبووەوە، بەشێك بەهۆی درەنگ دانەوەی پشکی کۆمپانیاکان و چەند کۆمپانیایەکیش وەکوو ئێکسۆن مۆبیل و شێڤرۆن بەهۆی هەڕەشەی شەڕی داعش چالاکییەکانیان ڕاگرت.

هەرێمی کوردستان بەپێی داتاکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، خاوەنی زیاتر لە 45 ملیارد بەرمیل نەوتی خاو و زیاتر لە سێ تریلیۆن مەتری سێجا گازی سروشتیە. بەپێی ئەو داتایە، هەرێمی کوردستان زیاتر لە 25%ی یەدەکی نەوتی خاوی عێراق و زیاتر لە 60%ی گازی سروشتیی ئەو وڵاتەی لەخۆگرتووە .

# هەنگاوەکانی شەفافیەت لە کەرتی نەوت

کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان چەند قۆناغی جیاوازی تێپەڕیوە، بە تایبەتی لە 10 ساڵی رابردوو لەساڵی 2008 بەدواوە حکومەتی هەرێمی رێژەی (دەرهێنان، بەرهەمهێنان و هەناردەی) نەوت زۆر زیادیکردووە، بەقەد زیادبوونەکە پرۆسەی شەفافیەت قسە و رەخنەی بەدوای خۆیدا هێنا، کەرتی نەوت بەسەرەتایەکی ناروون و شەفاف دەستی پێکرد، بەگوێرەی دامەزراوەی "ریسۆرس گۆڤەرنەنس ئیندێکس" لەسەرجەم ٥٨ وڵات کە خاوەنی ٨٥٪ی یەدەگی نەوتی جیهانن ٤٧ وڵاتییان بەرادەی جۆراوجۆر کێشەی نەبوونی روونیی و نیوەی ئەو وڵاتانەش گرفتی لاوازیی دامەزراوە دیموکراتییەکانییان هەیە. شارەزایانی بواری نەوتو سیاسەت، لەوانەش مایکل رۆز و تیمۆتی میشیل نەوت بەهۆکاری سەرەکی نەبوونی روونیی و لاوازیی دامەزراوەکان لە قەڵەم دەدەن. لە ئاستی بە دامەزراوەییکردن و شەفافکردن و رێکخستنەوەی رۆڵ و ئەرکی وەزارەت و فەرمانگە و بەرێوەبەرەکان و رێچکەکانی برۆسەی بڕیاردان و رێچکەی گێڕانەوەی داهاتەکان. وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەمیشە روبەڕوی کۆمەڵێك بەربەستی سیاسی و دارایی و کارگێڕی بوەتەوە و خۆشی لە چەقی کێشە نەپساوەکاندا بوە لە دیوی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا، هۆکاری ئەوانە زۆرن:

1. بارودۆخی نالەبار و قەیراناوی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان.
2. لاوازیەتی سەروەریی یاسا و سیستەمی حوکمڕانی عێراق و هەرێم.
3. دینامیەتی هێزە ململانێکەرەکانی ناوچەکە.
4. بەدامەزراوەیی نەکردنی سامانە سروشتیەکان.

## کێشە بنەڕەتیەکانی پەیکەر و ئاستی کاراییەکەی وەزارەت

پەیکەر و کاری وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە کابینەی پێنجەمەوە بە یاسای ژمارە (21)ی وەزارەت و ژمارە (22)ی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2007 رێکخرانەوە. ئەو یاسایانە ئەرکی بەرێوەبردن و پلاندانان و بەخشینی مۆڵەت و واژووکردنی گرێبەستی حکومەت و بەداواچونیان لە سێکتەرەکانی پەیوەست بە سامانە سروشتی و نەوت و گاز و کانزا پۆڵایی و ناپۆڵاییەکانیان بە وەزارەت سپاردوە، واتە وەزارەت سەرپەرشتی پرۆسەی دۆزینەوە و هەڵکەندن و دەرهێنان و پاڵاوتن و گواستنەوە و ناردنە بازاڕی نەوت و گاز و کانزاکان و بەرهەمەکانیان دەکات.

یاسای ژمارەی (22) زۆر بە وردەکارییەوە پرۆسەکانی نەوت دیاری دەکات کە لەلایەن کۆمپانیانکانی کەرتی گشتی و تایبەتی ناوەکی یان بیانی جێبەجێ دەکرێن. رێچکەی نەوت لە بیرەکانەوە تا دەگاتە بەکارهێنان بە زنجیرە هەنگاوێکی لێکبەستراو تێدەپەڕێ کە دەکرێ بەسەر چەند قۆناغێکی جیاکەرەوە دابەشبکرێن: هەڵکەندن، هەڵێنجان، پاڵاوتن، دابەشکردن، گواستنەوە و فرۆشتن. لە هەرێمی کوردستان دا. زۆربەی هەرە زۆری ئەو هەنگاوانە لەلایەن کۆمپانیای کەرتی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێن و وەزارەت تەنیا رۆڵی رێکخەری دەبینێ. واتە بەگشتی وەزارەت دەست لە کاری کۆمپانیاکان وەرنادات کە ئایا بیرەکان هەڵدەکەنن و نەوت دەردێنن و دەیپاڵێون.

لێرەدا دوو پرسیار پێویستە وەڵامبدرێنەوە:

1. چی وادەکات نەوت ببێتە هۆی نەبوونی روونیی و لاوازیی دامەزراوەکان؟
2. کاریگەری ئەم حاڵەتە لەسەر هەرێمی کوردستان چییە؟ لەم گۆشەیەدا تیشک دەخەینە سەر پرسیاری یەکەم.

مەبەست لە ناڕوونیی بەنهێنی هێشتنەوەی داتا، دۆکومێنتو زانیارییەکانە دەربارەی گرێبەستە نەوتییەکانو ڕێژەی دەرهێنانو هەناردەکردنو بڕو چۆنییەتی سەرفکردنی داهاتی نەوت. مەبەست لە لاوازیی دامەزراوەکانیش نەبوونی یان ناکارایی دامەزراوەکانە دیموکراسییەکانە، لەوانەش دامەزراوەی چاودێری وەک ئەنجومەنی سێنات (پیران)و قەزاییو دادوەری گشتیو پەرلەمان وە لاوازیی دامەزراوە داراییەکانە.

دەکرێت لەچەند خاڵێکدا وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە چۆن نەوت ڕێگا بۆ ناکارایی دامەزراوە دیموکراتییەکانو ناڕوونیی خۆشدەکات. یەکەم، نوخبەی حوکمڕان لە وڵاتە نەوتییەکان مەیلی بەلاواز هێشتنەوەی دامەزراوەکانی هەیە. چەندە دامەزراوەکان لاوازتر بن هێندە بواری شاردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بەداهاتی نەوت لەلایەن ڕژێمەکانەوە وهێشتنەوەی داهاتەکە لەژێر کۆنترۆڵی نوخبەیەکدا دەرەخسێت، بۆیە لەهەر وڵاتێک نوخبەی حاکم بۆی لوابێت هەوڵیداوە دامەزراوە دیموکراتییەکان بەناکارایی و لاوازیی بمێننەوە. بەواتایەکی تر، بە لاوازیی هێشتنەوەی دامەزراوەکان زۆرجار بەشێکە لە کارنامەی بنەماڵەیەک یان نوخبەیەکی حوکمڕانو ئامانجی پشت ئەو پرۆسەیەش ڕەخساندنی بوارە بۆ گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی داهاتی نەوت.

چوارەم، لەگەڵ ئەوەی لەزۆرێک لە وڵاتاندا نەوت سەرچاوەی سەرەکی بودجەیە، پرۆسەی دەرهێنانو هەناردەکردنی نەوت پێویستی بە بەشدارییەکی فراوانی خەڵک نییە و تەنها گرووپێکی بچکۆلەی ئەندازیار و تەکنیککاری پێویستە. ئەم حاڵەتە هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگ دروستدەکات چونکە بەشداری کەمی خەڵک لە بەرهەمهێناندا ڕۆڵی دامەزراوەکان بۆ ئیدارەکردنی داهاتی نەوت کەمتردەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ڕۆڵی خەڵکو کەمی ئاگادارییان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتو ئیدارەکردنی داهاتەکەیو سەرەنجام بوار ڕەخساندن بۆ نەبوونی ڕوونیی و شاردنەوەی زانیارییەکان.

بە کورتیی، لاوازیی دامەزراوەکان و نەبوونی ڕوونیی دوو دیاردەن بەردەوام لەگەڵ پرۆسەی دەرهێنانی نەوتدا ئامادەن و نەوت و ناشەفافییەت و ناکارایی دامەزراوەکان سێ حاڵەتی تێکهەڵکێشنو لەیەکتری جیاناکرێنەوە. زۆربەی ئەو وڵاتە نەوتییانەی زۆرترین گەندەڵی تێدایە ناکاراترین دامەزراوەی دیموکراتییان هەیە. ڕێگاچارەیەک بۆ دەربازبوون لەو هاوکێشەیە کارکردنە لەسەر بەهێزکردنی دامەزراوەکانو دامەزراندنی سندوقی داهاتی نەوتە لەژێرچاودێری پەرلەمانو دادوەری گشتیدا. پێویستە دۆسیەی دارشتنی سیاسەتی نەوتیش.

لە دەساڵی ڕابردوو پردی متمانە لە نێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و هاوڵاتیان پتەو نەبوە، زۆری ئەو کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناڕونی لە مۆڵکیەت و گواستنەوە و فرۆشتنی نەوت و ڕێچکەکانی هەناردەکردن و گێڕانەوەی داهاتەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ گێرانەوەی متمانە گرێبەستی لەگەڵ دوو کۆمپانیای وردبینیکردنی داهات و خەرجیی نەوت و گاز ئەنجامدرا.

# پرۆسەی چاکسازی و هێنانی کۆمپانیاکانی وردبینی

گرێبەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیای وردبینیکردنی داهات و خەرجیی نەوت و گاز، دوابەدوای دروستبوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆتاییەکانی ساڵی 2015 چەند هەنگاوێکی لە ژێر ناونیشانی پرۆسەی چاکسازی هاوێشت، دەستبردن بۆ سیستەمی بایۆمەتری موچەخۆران، زیادکردنی باج و روسومات، پێداچونەوە بەهەیکەلیەتی دامەزراوەکان. لەو چوارچێوەیەدا حکومەت گرێبەستی لەگەڵ هەریەکە لە (کۆمپانیای دیلۆیت و کۆمپانیای ئەرنست ئەند یۆنگ) بەست. بەمەبەستی ووردبینی، بەپێی گرێبەستەکە، ئەم وردبینییەی کە لەلایەن کۆمپانیای وردبینیی دیلۆیت'ەوە ئەنجام دەدرێت، سەرجەم پرۆسەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، هەر لە بەرهەمێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتەوە، چ لە رێگەی بۆریی نەوتی کوردستانەوە بێت، یان لە بازاڕی ناوخۆ، یان بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ، تا پاڵاوگەکان و بەرهەمە نەوتی و گازییەکان و سەرجەم ئەو بڕە پارانەی لە کۆمپانیاکانی نەوت لەبەر رۆشناییی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان وەرگیراون.

## کۆمپانیای دیلۆیت

لە رێکەوتی 2016/10/5 لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، گرێبەستی پڕۆژەی وربینیی سەربەخۆی داهات و خەرجییەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای وردبینیی جیهانیی (دیلۆیت)ـەوە ئیمزا کرا، بەپێی راگەیەندراوی ئەنجومەنی وەزیران، دوای ئەوەی کۆمپانیاکە لە پرۆسەیەکی کارگێڕی و یاسایی و شەفافی تەندریندا، بەپێی بنەما کارپێکراوە نێودەوڵەتییەکان و لەژێر رۆشناییی رێنماییەکانی گرێبەستی گشتیی ساڵی 2016ی هەرێمی کوردستان، هەڵبژێردرا. گرێبەستەکە لە رێورەسمێکدا لەلایەن هەریەکە لە (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و (نێڵ هارگرێڤس) و (رۆبەرت هانلۆن) نوێنەرانی کۆمپانیای دیلۆیتەوە ئیمزا کرا. بەپێی گرێبەستەکە، ئەم وردبینییەی کە لەلایەن کۆمپانیای وردبینیی دیلۆیتەوە ئەنجام دەدرێت، سەرجەم پرۆسەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، هەر لە (بەرهەمێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی) نەوتەوە، چ لە رێگەی بۆریی نەوتی کوردستانەوە بێت، یان لە بازاڕی ناوخۆ، یان بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ، تا پاڵاوگەکان و بەرهەمە نەوتی و گازییەکان و سەرجەم ئەو بڕە پارانەی لە کۆمپانیاکانی نەوت لەبەر رۆشناییی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان وەرگیراون.

لەو بارەیەوە نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە، کە ئیمزاکردنی ئەم گرێبەستە و ئەرکداربوونی کۆمپانیایەکی ناوداری سەربەخۆی جیهانیی بواری وربینینی لە هەرێمی کوردستان کە یەکێك لە چوار کۆمپانیا ناودارەکانی جیهانە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خاوەن پێگە و نێوبانگ و پسپۆڕیی خۆیەتی، هەنگاوێکی زۆر

جددی و گرنگی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ دابینکردنی زیاتری ڕوونی و شەفافیەت لە پرسی نەوت و گاز و داهات و خەرجییەکانیدا و نیشانەی جددییەت و پابەندیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بە چاکسازی و شەفافیەتەوە، هەروەها مایەی دەستخۆشی و پێزانینی لایەنە نێودەوڵەتییەکانی بواری چاکسازی و شەفافیەتە. دەستبەکاربوونی کۆمپانیای سەربەخۆی دیلۆیت بۆ وردبینی لە هەرێمی کوردستان، دەبێتە هۆی دابینکرنی زیاتری شەفافیەت و وردبینییەکی زیاتری ڕوون و شەفاف و بێلایەن و زانستیانە بۆ داهات و خەرجییەکانی نەوت و گاز هەرلە سەرەتای دەسپێکردنی پرۆسەی دەرهێنانی نەوتەوە، تا دەگاتە ئێستا و بۆ لەمەودواش. هەروەها هیوای خواست کە ئەم پرۆسەیە متمانەی خەڵك و لایەنە پەیوەندارەکان بە پرسی داهاتەکانی نەوت و گازەوە باشتر بکات و ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتەکانی وردبینیی ئەم کۆمپانیا نێودەوڵەتییە، بەپێی ستانداردتی پەیڕەوکراو لەم بوارەدا بۆ لایەنە پەیوەندارەکان و هاووڵاتیان دەخاتە ڕوو، بێگومان ڕێکاری پێویستیش لەسەر ڕاسپاردەکانی ئەو ڕاپۆرتانە دەگیرێتە بەر.

## کۆمپانیای ئەرنست ئەند یۆنگ

لە ڕێکەوتی 30-11-2016 بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کنسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەولێر، لە ڕێورەسمێکدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای (ئەرنست ئەند یۆنگ)ی بەریتانی بۆ وردبینی لە بواری نەوت و گازدا واژۆ کرد کە کۆمپانیاییەکی خزمەتگوزاریی پرۆفیشناڵی فرە ناسنامەیە. لەو ڕێوڕەسمە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، واژۆکردنی گرێبەستەکەی بە هەنگاوێکی دیکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری پەیڕەوکردنی زیاتری شەفافییەت لە داهات و خەرجیی کەرتی نەوت و گازدا وەسف کرد. ئاماژەی بەوەش دا کە ئەو گرێبەستە شەفافیەت و وردبینیی سەربەخۆ لە کەرتی نەوت و گاز پتەوتر دەکات، هەروەها دووپاتی کردەوە کە شەفافییەت لەو کەرتە، لە کارە هەرە لەپێشینەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

**کۆمپانیای دیلۆیت:** کۆمپانیایەکی ئەمەریکییە، بارەگای سەرەکی کۆمپانیاکە لە شاری نیویۆرکە. کاری کۆمپانیاکە وردبینی دارایی و راوێژکارییە ( providing audit, tax, legal, financial advisory, enterprise risk, and consulting services)، لە ماوەی رابردودا کارەکانی خۆی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست چڕکردوەتەوە. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان داهاتی ساڵانەی کۆمپانیاکە (28) ملیار دۆلارە، رۆژی پێنجی ئۆکتۆبەری (2016) حکومەتی هەرێم گرێبەستی لەگەڵ ئەم کۆمپانیایە ئیمزاکرد.

کۆمپانیایی دیلۆیت، لەساڵی 1845 لە لەندەن دامەزراوەو ئێستا بارەگای سەرەکی لەشاری نیۆرکی ئەمریکایە. کۆمپانیایی دیلۆت بۆ کاری وردبینی و پێشکەشکردنی ڕاوێژ بۆ حکومەت و کۆمپانیاکان لە بواری دارایی و ژمێریاریدا کە بۆ ماوەی 150 ساڵە کار دەکات و ئەزموونێکی زۆری هەیە لەم بوارەدا و خاوەن متمانەیەکی زۆر باشە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەپێی ستاندارد و پێوەرە جیهانییەکان کاردەکات و لەسەر ئاستی دوونیا لە باشترین سێ کۆمپانیایی بواری وردبینیە لەگەڵ پرایس وەتر هاوس و ئەرنست ئاند یونج.

لەوبارەیەوە د. دلاوەر عەلائەدین لە کتێبی دەوڵەتسازی دەڵێ، لەو ساڵانەی دواییدا، دوو کۆمپانیای بەدواداچون (ئۆدیت) لە هەرێمی کوردستان دەست بەکاربونە. یەکێکیان (دیلۆیت) و ئەو دیکە (ئێرنیست و یەنگ) کە بە ئامارەوە رێچکەکانی دەرهێنان و پاڵاوتن و گواستنەوە فرۆشتن و گێڕانەوەی پارەکە دیاری دەکەن و بڵاویشی دەکەنەوە. ئەو کۆمپانیایانە بە ئاستێکی بەرزی تەکنۆلۆژیا کارەکانیان بەجێگەیاندوە و بونەتە یەکێك لە هەنگاوەکانی بەدواداچون و شەفافکردن لە هەرێمدا. هاندەریشە بۆ بەدامەزراوەییکردنی سیستەمەکە، بەتایبەتی کە جەختیان لە گواستنەوەی داهاتەکان کردوە بۆ سەر وەزارەتی دارایی، بەڵام گرنگە کە بزاندرێت ئەو کۆمپانیانە بەشێك نین لە ریفۆرم و بەدامەزراوەییکردن و بنبڕکردنی گەندەڵی. بەشێك نین لە بەدامەزراوەی چاودێری دارایی تاوەکر بتوانن لێپرسینەوە لەگەڵ بەرهەمهێن و هەناردەکەرانی پێشێلکار بکەن بەڵکو ئەو پرۆسانە پێویستیان بە هەڵمەتی دیکەی تەواوکەر هەیە. لەو میانەدا پێویستە بەرێوەبەرایەتیەکانی پشکنینی ناو وەزارەت و دیوانی چاودێری دارایی و داواکاری گشتی رۆڵی کارا لە پرۆسەی ئۆدیت و چاودێری و بەدواداچون ببین.

بەپێی راپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کە لە نۆڤمبەری 2014 بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی (2003 تا 2014) بڕی دەرهێنراو لە بیرە نەوتەکانی هەرێمی کوردستان (263,912,021) بەرمیل بوە

بڕی (123,924,100) بەرمیل لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا فرۆشراوە.

بڕی (139,988,821) بەرمیل هەناردەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کراوە.

بەرێگاکانی:

1. هەناردەکردن لە رێگەی تەنکەرەوە (24,360,114) بەرمیل بوە.
2. هەناردەکردن لە رێگەی بۆڕی (44,494,762) بەرمیل بوە.
3. هەناردەکردن لە رێگەی کۆمپانای سۆمۆ (71,133,945) بەرمیل بوە.

داهاتەکەی (22,541,583,592)

داتاو زانیاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سەبارەت بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و غازی سروشتی و پاڵاوتن و فرۆش (ناوخۆ و هەناردەکراو) لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2003 تاوکو کۆتایی ئابی 2014

| هەناردە لەرێی تانکەرەوە | |
|---|---|
| 2003 | 0 |
| 2004 | 0 |
| 2005 | 0 |
| 2006 | 0 |
| 2007 | 0 |
| 2008 | 0 |
| 2009 | 0 |
| 2010 | 0 |
| 2011 | 0 |
| 2012 | 749,567 |
| 2013 | 11,282,860 |
| 2014 | 12,327,687 |
| Grand Total | 24,360,114 |

| سەرجەمی بەرهەم | |
|---|---|
| 2003 | 395,117 |
| 2004 | 160,599 |
| 2005 | 367,738 |
| 2006 | 505,780 |
| 2007 | 391,617 |
| 2008 | 178,429 |
| 2009 | 1,716,206 |
| 2010 | 13,039,469 |
| 2011 | 19,357,929 |
| 2012 | 22,295,663 |
| 2013 | 35,382,470 |
| 2014 | 39,460,343 |
| Grand Total | 133,251,359 |

| سەرجەمی بەرهەم | |
|---|---|
| 2003 | 0 |
| 2004 | 0 |
| 2005 | 0 |
| 2006 | 0 |
| 2007 | 0 |
| 2008 | 0 |
| 2009 | 0 |
| 2010 | 0 |
| 2011 | 0 |
| 2012 | 0 |
| 2013 | 491,121 |
| 2014 | 44,003,641 |
| Grand Total | 44,494,762 |

| فرۆشی ناوخۆ | |
|---|---|
| 2003 | 0 |
| 2004 | 0 |
| 2005 | 0 |
| 2006 | 0 |
| 2007 | 1,118,191 |
| 2008 | 2,594,596 |
| 2009 | 7,065,234 |
| 2010 | 12,152,594 |
| 2011 | 11,512,599 |
| 2012 | 28,953,021 |
| 2013 | 31,053,639 |
| 2014 | 29,474,226 |
| Grand Total | 123,924,100 |

| هەناردە لەرێی سۆمۆوە | |
|---|---|
| 2003 | 0 |
| 2004 | 0 |
| 2005 | 0 |
| 2006 | 0 |
| 2007 | 0 |
| 2008 | 328,708 |
| 2009 | 6,870,351 |
| 2010 | 2,176,791 |
| 2011 | 37,242,281 |
| 2012 | 24,507,213 |
| 2013 | 8,602 |
| 2014 | 0 |
| Grand Total | 71,133,945 |

| هەناردە لەرێی هێڵی بۆری هەرێمەوە | |
|---|---|
| 2003 | 0 |
| 2004 | 0 |
| 2005 | 0 |
| 2006 | 0 |
| 2007 | 0 |
| 2008 | 0 |
| 2009 | 0 |
| 2010 | 0 |
| 2011 | 0 |
| 2012 | 0 |
| 2013 | 491,121 |
| 2014 | 44,003,641 |
| Grand Total | 44,494,762 |

| SUMMARY OF REVENUE 2007-2013 | |
|---|---|
| **Operating Revenue** | **$9,485,934,667** |
| **Breakdown of Operating Revenue** | |
| *Sales of Crude Oil & Products* | $4,900,053,537 |
| *PSC Bonuses* | $3,845,893,693 |
| *Other* | $739,987,437 |
| **Non-Operating Revenue** | **$228,397,194** |
| | |
| **Gross Revenue** | **$9,714,331,861** |

| SUMMARY OF COSTS 2007-2013 | |
|---|---|
| **Operating Costs & Overheads** | **$2,940,527,260** |
| **Breakdown Operating Costs & Overheads** | |
| *Refining & Logistical Support* | $1,453,415,241 |
| *Payments to IOCs* | $899,401,998 (including $748m for export payments from Baghdad) |
| *Security (Oilfield Protection Force)* | $221,824,369 |
| *Other* | $198,451,234 |
| *Overheads* | $167,434,418 |
| **Funding of Projects** | **$5,853,582,960** |
| **Breakdown of Funding of Projects** | |
| *Buying of Products (Fuel) - directly paid for by MNR* | 997,086,778 |
| *Payments to Ministry of Finance (Fuel)* | 1,100,000,000 |
| *Payments to Ministry of Finance (Other)* | 1,096,123,973 |
| *Payments to Other KRG Ministries* | 1,381,316,351 |
| *Funds directly allocated to projects in Sulaimaniyah* | 297,678,145 |
| *Funds directly allocated to projects in Garmian* | 357,846,930 |
| *Funds directly allocated to projects in Erbil* | 237,131,206 |
| *Funds directly allocated to projects in Dohuk* | 386,399,576 |
| | |
| **Gross Costs** | **$8,794,110,220** |
| | |
| **Cash Balance End 2013** | **$920,221,641** |

| YEAR | GROSS REVENUE (USD) | GROSS COSTS (USD) | P/L (USD) | END YEAR BALANCE (USD) | BEGINNING YEAR BALANCE (USD) |
|---|---|---|---|---|---|
| 2007 | $29,636,714 | $6,382 | $29,630,331 | $29,630,331 | $0 |
| 2008 | $983,229,257 | $238,652,705 | $744,576,552 | $774,206,883 | $29,630,331 |
| 2009 | $348,212,912 | $480,333,541 | -$132,120,629 | $642,086,254 | $774,206,883 |
| 2010 | $907,012,064 | $490,130,460 | $416,881,605 | $1,058,967,859 | $642,086,254 |
| 2011 | $2,204,613,249 | $1,332,780,940 | $871,832,309 | $1,930,800,168 | $1,058,967,859 |
| 2012 | $2,353,210,801 | $2,163,894,500 | $189,316,301 | $2,120,116,469 | $1,930,800,168 |
| 2013 | $2,888,416,863 | $4,088,311,691 | -$1,199,894,828 | $920,221,641 | $2,120,116,469 |
| **TOTAL** | **$9,714,331,861** | **$8,794,110,220** | **$920,221,641** | | |

بەپێی راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ساڵی 2015 (210,709,588) ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەم هێناوە

1. ناوەخۆ (31,404,648) ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو فرۆشراوە.

2. هەناردە (4,539,088) ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو بەتەنکەر فرۆشراوە.

3. بۆ پاڵاوگەکان (تاوکی، کەڵەك و بازیان) (36,665,073) ملیۆن بەرمیل نەوت نێردراوە.

4. نەوتی رەش (fuel oil) زیاتر لە (16,410,313) لە هەرسێ پاڵاوگە بەرهەم دەهێنرێت.

5. لەرێگەی بۆڕی (138,661,190) ملیۆن بەرمیل هەناردەی بەندەری جەیهان کراوە، جگە لە پارێزگاری کەرکوك.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە تشرینی دووەمی 2016 وە هیچ ژمارەیەکی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی کوردستانی بڵاونەکردووەتەوە. لە راپۆرتەکەی 2016 دا ئاستی بەرهەمهێنان 597 هەزار و 587 بەرمیل لە رۆژێکدا بووە، جیا لەمە کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتیش رۆژانە 64 هەزار و 102 بەرمیلی لە کەرکووك بەرهەمهێنابو، لە بەشی دووەم شیکاری گرێبەستەکان و راپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت دەکەین.



# بەشی دووەم

## هەنارده و داهات

بەپێی گرێبەستی هاوبەشی
بەرهەمهێنانی نەوتی حکومەتی
هەرێمی کوردستان



## شیرینی گرێبەستەکان

شیکردنەوەی راپۆرتەکانی دیلۆیت لەسەر داهاتی
نەوتی هەرێمی کوردستان

## بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی

## (PSA)

# هەنارده و داهات

## بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەشیوەیەکی گشتی جۆری گرێبەستە نەوتییەکان دابەشدەبن بۆ دوو جۆری سەرەکی: یەکەمین گرێبەستی تەکنیکی خزمەتگوزارییە (Technical Service Contract - TSA) و ئەویتریشیان گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانییە (Production-Sharing Agreement - PSA)، ئەم دوو جۆرەشییان بەهۆی ئەوەی لە سیاسەتی نەوتی حکومەتی ناوەندی و هەرێمی بوونی هەیە بۆیە ئاماژە تەنها بەم دووشێوازە لەگرێبەست کراوە.
جۆری گرێبەستەکانی حکومەتی فیدراڵی عیراق لە جۆری گرێبەستی تەکنیکی خزمەتگوزارییە (TSA)، واتا کۆمپانیای گرێبەست لەگەڵ کراو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەبەرامبەر بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوتی خاو برێک پارە بەپێی ووردەکارییەکانی گرێبەستەکە وەردەگرێت بەبێ ئەوەی خاوەنی هیچ پشکێک یان بەشێکی دیکە بێت. ئەم جۆرە گرێبەستە لەدوو رووەو بۆ عیراق ئاسانترو گونجاوترە: یەکەمییان لەبەرئەوەی مێژووی دەرهێنان و مامەڵەکردنی نەوتی حکومەتی ناوەندی زۆر کۆنترە لە هەرێم و دووەمیشیان کێڵگە نەوتییەکانی عیراق هەم ریسکی (مجازفە) زۆر کەمترە و هەمیش دەوڵەت خاوەنی ژێرخانی دەزگاکانی نەوتییە.
گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم لەجۆری گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانییە (PSA)، ئەم جۆرەشییان نەک بۆ هەرێم تارادەیەک بۆ جیهانیش زۆر پیر نییەو دەگەڕێتەوە بۆ ناوەراستی سەدەی بیستەم کە یەکەم جار لەئیندۆنۆزیا بەکارهات.
ئەم جۆرە گرێبەستە لەگەڵ بارودۆخی هەرێم و سیاسەتی نەوتی هەرێم بەچەند خاڵێک بەستراوەتەوە: یەکەمییان لەرێگەی ئەو گرێبەستەوە کۆمپانیاکان خۆیان گەران بۆ دۆزینەوەی نەوت دەکەن، دووەمیشیان کۆمپانیاکان تێچووی دەرهێنان و ئامێرەکان لەئەستۆ ئەگرن تا بەرهەمهێنان و دواتریش شیرینییەکانیش هۆکاری باشن. خاڵی دیکەش هەن بەڵام ئەوەندەی باسکرا بۆ تێگەیشتن بوو لەچۆنییەتی هەڵبژاردنی گرێبەستەکان و ئەم جۆرە گرێبەستەش پێویستی بەروونکردنەوەی زێدەتر هەیە.
گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی (PSA) چۆن لەدایکبوو؟ چیرۆکەکە بەمشێوەیەیە: حکومەتی ئیندۆنۆزیا بەقەیرانی دارایی و قەرزەوە پەرێشان بوو، یەکێک لەرێگە چارەکان بۆ کەڵەکە نەبوونی وەرگرتنی قەرزی زیاتر بۆ بنیاتنانی ژێرخانی نەوتی و خەرجییەکانی پرۆسەی گەران و دۆزینەوە، حکومەتی وڵاتەکە ئەو شێوازی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی (PSA) پێشکەشی کۆمپانیاکان کردو لەسەرەتا پێشوازی لێنەکراو کۆمپانیا زەبەلاحەکان ئامادەنەبوون ئەنجامی بدەن بەڵام بەهاتنەپێشەوەی کۆمپانیایەکی مامناوەند هاوکێشەکان گۆڕان و بووە سەرەتاییەکی نوێ لەسیاسەتی نەوتی و گرێبەستی نەوتیدا و لەو کاتەوە ئەم جۆرە گرێبەستە جێگای خۆی لەجیهانی نەوت کردەوە.

**ووردەکارییەکانی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی (PSA)**

بۆ تێگەیشتن لەپوختەی داهاتی نەوتی دەبێت سەرەتا ووردەکارییەکانی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی (PSA) شی بکرێنەوە بۆ ئەوەی بگەینە دەرئەنجامی راست لەبارەی شیکاری ژمارەی بەدەستهاتوو لەفرۆشی بەرهەمی نەوتی خاودا.

بەنموونەیەکی دروستکراو دەست پێدەکەین(ئەم نموونەیە گریمانەییەو تەنها بۆ روونکردنەوەیە و لەراستیدا بوونی نییە)، بۆ نموونە پارێزگای هەڵەبجە بە سەدان دۆنم زەوی هەیە کە باغی هەناری لەسەر دروستکراون و کۆمپانیای گەڵای جیهانی خواردنەوە سروشتییەکان دەیەوێت بەرهەمی هەناری هەڵەبجە بەبازار بکات و بیکاتە شەربەت و لەبازارەکان بیفرۆشێت. نە پارێزگای هەڵەبجەو نەکۆمپانیا ناوخۆییەکان ئەو توانایییەیان نییە بۆ بەرهەمهێنان و بەبازارکردن و بۆیە لەگەڵ کۆمپانیای گەڵا رێکدەکەوێت بەپێی چەند مەرجێک کە وەبەرهێنان لەباغی هەنارەکان بکات.

پارێزگای هەڵەبجە پێشنیاری ئەوە دەکات کە رێگەی بەکۆمپانیای گەڵا دەدات کە وەبەرهێنان دەست پێبکات لەباغی هەنارەکان بەو مەرجەی پارێزگاکە بۆی هەبێت لەرێگەی لایەنی سێیەمەوە شەربەتی هەنار بفرۆشێت و دەبێت کۆمپانیای گەڵا خەرجی دروستکردنی ژێرخانی پرۆژەکە وەک دەزگاکانی ساردکەرەوە و گەیاندنی بۆری ئاو و ئامێرەکانی لێکردنەوەو دروستکردن بنیاتبنێت و هەر کاتێک شەربەتەکە بەبازار کرا ئەوا لەداهاتی دەستکەوتوو تێچووەکان بۆ کۆمپانیاکە دەگێردرێنەوە، هەروەک کۆمپانیاکە بەرپرسیار دەبێت کەوتن و بێبەرهەمی و ووشکبووونی دارەکان. هەروەها کۆمپانیای گەڵا برێک پارە وەکو شیرینی ودیاری گرێبەستەکان پێشکەشی پارێزگاکە دەکات بۆ دروستکردنی رێگەوبان و نەخۆشخانەو خزمەتگوزارییەکان.

هەر بەپێی گرێبەستەکە وا رێکدەکەون کە پارێزگای هەڵەبجە ١٠% وەک باج دەبات لەکۆی پارەی دەستخراوو کۆمپانیاکەش ١٠% بۆ خەرجییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان  دەبات و لەهەمانکاتیشدا ٥٠% پارەی وەدەستهاتوو تەرخان دەکرێت بۆ دانەوەی پارەی ژێرخان.

بۆ نموونە ئەگەر ١٠٠ هەزار دیناری عیراقی دەسکەوت لەیەکەم پرۆسەی فرۆشتن-دا ئەوا ١٠ هەزار دیناری دەروات بۆ باجی پارێزگاکەو ٩٠ هەزار دینار دەمێنێتەوەو لەو برەش ٥٠ هەزار دیناری دەروات بۆ خەرجییەکانی دروستکردنی ژێرخانی پرۆژەکەو دەمێنێتەوە ٤٠ هەزار دینار. لەو برەش ١٠ هەزار دینار دەدرێتە خەرجییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان و ئەوەی پوخت دەمێنێتەوە ٣٠ هەزار دینار دەبێت. لەو برەش ئەگەر ٥٠% بۆ خاوەنی زەوییەکان کە پارێزگاکەیە لێدەرکەین ئەوا ١٥ هەزار دەمێنێتەوەو لەو برە بەپێی گرێبەستەکە لەنێوان کۆمپانیاو پارێزگاکە دیسان دابەش دەکرێتەوە.

بەپێی ئەو نموونە دروستکراوەی سەرەوە پارەی دروستکردنی ژێرخانی پرۆژەکەو خەرجییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان ٦٠% دەبات و ئەوەی دەمێنێتەوە ٤٠% کە ئەو برەش بەپێی جۆری گرێبەستەکە لەنێوان هەردوو لایەنی حکومەت و کۆمپانیاکە دابەش دەکرێتەوە، کە لەواقیعدا و بەپێی جۆری کۆمپانیاکان و جۆری کێڵگەکان جیاوازی هەیە بەڵام ئەوەی کە نەگۆرە ئەوەیە کە دوای خەرجییەکان هاوبەشی کۆمپانیاکان و گرێبەستەکە دابەشدەکرێت.

# شیرینی گرێبەستەکان

بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی (PSA)، کۆمپانیا نەوتییەکان برێکی گەورە لەپارە بە دۆلاری ئەمریکی بەشێوەی کاش و بەشێوەی جێبەجێکردنی پرۆژە پێشکەشی حکومەتی هەرێم کراوە کە مەزندە دەکرێت لەسەرووی ٤ ملیار دۆلارەو بێت (بەهۆی لێڵی شەفافییەت و دیاری نەبوونی سەرچاوەی زانیارییەکان نەتوانراوە ژمارەی دروست دەست بخرێت)، کە ئەم یەکێکە لەکێشەکانی سیاسەتی نەوتی هەرێم و خەڵک دەیەوێت بزانێت کە ئایا تا چەند ئەو برە پارە لەژێرخانی ئابووری وەک رێگاوبان و بنیاتنانی خوێندنگاو نەخۆشخانەو یاریگاو پارک خەرج کراوە؟ بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچانەی کە نەوتی لێدەردەهێنرێت، چونکە ئەو ناوچانە دەبنە قوربانی یەکەمی تێکچوونی ژینگەکەیان؟ بۆیە گرنگە راپۆرتێکی پر بەووردەکاریی و ژمارەوە لەبارەی چۆنیەتی وەرگرتنی پارەکەو برەکەی و چۆنیەتی خەرجکردن و بینینی دەرئەنجامەکانی لەسەر ئەرزی واقیعدا روون بکرێتەوە.

# شیکردنەوەی راپۆرتەکانی دیلۆیت لەسەر داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی (PSA)

## راپۆرتی یەکەمی دیلۆیت

**بەرهەمهێنان، هەناردە کردن، بەکارهێنانی ناوخۆیی لەگەڵ داهاتەکان**

**لە ٢٠١٧/٠١/٠١ بۆ ٢٠١٧/٠٦/٣٠**

## یەکەم: هەناردەی نەوت و بەکارهێنانی ناوخۆیی

### ١. هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری

لەرێگەی بۆرییەوە 95.812.755

داهاتی دەسکەوتوو 3.916.951.095 $

تێکرای نرخی هەر بەرمیلێک[1] 41 $

### ٢. هەناردەی تانکەر

لەرێگەی تانکەرەوە 04.230.790

داهاتی دەسکەوتوو 107.683.242 $

---

(1) لەو کاتەدا وڵاتانی خاوەن سیادە نەوتییان لەسەروو 50 دۆلاری ئەمریکی فرۆشتووە.



تێکرای نرخی هەر بەرمیلێک **25.452 $**

### ٣. بەکارهێنانی ناوخۆیی و وەبەرهێنەران

نەوتی هەناردەکراو بۆ پاڵاوگەکان  **03.455.822** 

بۆ وەبەرهێنەرەکانی نەوت **01.615.925** 

بۆ بازار و گۆڕینەوە **05.088.887** 

## دووەم: داهات و شیکردنەوەکانی

### ١. سەرجەم داهاتی بەدەستهاتوو

سەرجەمی نەوتی بەرهەمهاتوو **110.852.276** 

کۆی داهاتی بەدەستهاتوو لەفرۆشتن **04.069.634.337 $** 

| | |
|---|---|
| تێکرای نرخی نەوت بۆ هەر بەرمیلێک | $ 41.297 |

**٢. پوختەی داهاتی گەیشتوو بۆ حکومەتی هەرێم**

| | |
|---|---|
| کۆی داهاتی بەدەستهاتوو لەفرۆشتن | $ 04.069.634.337 |
| پوختەی داهاتی دەسکەوتوو دوای لێبرینەکان | $ 02.076.102.542 |

تێبینی: لەو جیاوازییەی سەرەوەی داهاتی فرۆشراو لەگەڵ داهاتی بەدەستهاتوو ئەوە روون دەبێتەوە کە نزیکەی نیوەی داهات بۆ خەرجییەکان و پشک وهاوبەشی کۆمپانیاکان رۆشتووە.

گریمانەی دەسکەوتی داهاتی نەوت:

| | |
|---|---|
| تێکرایی نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لەبازار | $ 41.297 |
| تێکرایی نرخی نەوتی دەسکەوتوو بۆ حکومەتی هەرێم | $ 18 تا 20 |

## سێیەم: ووردەکاری پێدان و خەرجییەکان

**١. پێدانی پارەی تەرخانکراوەکان**

| | |
|---|---|
| پێدانی پارەی کۆمپانیاکان | $ 568.818.239 |
| پێدانی پارە بۆ لایەنی سێیەم بەنوێنەرایەتی حکومەت | $ 692.533.006 |


پارەی تەرخانکراو بۆ کەرکوک **62.000.000 $**


پێدانی پارەی ئەمنی لەرێگەی وەزارەتی داراییەوە **50.161.940 $**

تێبینی: ئەوەی کە تێبینی دەکرێت  زۆربەی کۆمپانیا نەوتییەکان لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە پارێزگاری دەکرێن، ئایا ئەم پارەیەی کە تەرخانکراوە لەدەرەوەی پارەی موچەکانیانە یان زیادەیە؟

پێدانی پارە بۆ دانا گاز: ٩٠.٠٥٢.٩٣٢ دۆلاری ئەمریکی

### ٢. پارەی وەرگیراوی پێشوەختە


بری پارەی پێشەکی وەرگیراوی حکومەتی هەرێم لە کۆمپانیاکان لەبەرامبەر پێدانی نەوت لەداهاتوودا **01.252.108.577 $**

تێبینی: ئەوە برە پارەیە کە زیاتر لەملیارێک دۆلارە رووننەکراوەتەوە چۆن خەرجکراوە؟ بۆ چ پرۆژەیەک تەرخان کراوە؟

# راپۆرتی دووەمی دیلۆیت

## بەرهەمهێنان، هەنارده کردن، بەکارهێنانی ناوخۆیی لەگەڵ داهاتەکان

**لە ٢٠١٧/٠٧/٠١ بۆ ٢٠١٧/١٢/٣١**

## یەکەم: هەناردەی نەوت و بەکارهێنانی ناوخۆیی

### 1. هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری

لەرێگەی بۆرییەوە 81.835.881

داهاتی دەسکەوتوو 3.648.592.406 $

تێکرای نرخی هەر بەرمیلێک 44.584 $

### 2. هەناردەی تانکەر

لەرێگەی تانکەرەوە 05.144.729

داهاتی دەسکەوتوو 205.185.451 $

تێکرای نرخی هەر بەرمیلێک 39.883 $

(تێبینی: ئەم نرخە سەرجەمی تێچوونەکانی گواستنەوەو خەزنکردنیش لەخۆ دەگرێت)

### 3. بەکارهێنانی ناوخۆیی و وەبەرهێنەران

| | |
|---|---|
| نەوتی هەناردەکراو بۆ پاڵاوگەکان | 01.457.965 |
| بۆ وەبەرهێنەرەکانی نەوت | 01.615.925 |
| بۆ بازار و گۆڕینەوەو ئالوگۆڕکردن | 01.787.091 |
| بۆ فرۆشتن بەپاڵاوگەکان | 664.220 |
| بۆ فرۆشتن بەپاڵاوگەکان | 625.756 |
| کۆی گشتی نەونی هەناردەکراو بەکارهاتوو | $ 90.997.914 |

## دووەم: داهات و شیکردنەوەکانی

### 1. سەرجەم داهاتی بەدەستهاتوو



سەرجەمی نەوتی بەرهەمهاتوو **90.997.914**



کۆی داهاتی بەدەستهاتوو لەفرۆشتن **03.853.777.857 $**



تێکرای نرخی نەوت بۆ هەر بەرمیلێک **44.584 $**

### ٢. پوختەی داهاتی گەیشتوو بۆ حکومەتی هەرێم




کۆی داهاتی بەدەستهاتوو لەفرۆشتن **03.853.777.857 $**



پوختەی داهاتی دەسکەوتوو دوای لێبرینەکان **1.815.410.669 $**

تێبینی: لەو جیاوازییەی سەرەوەی داهاتی فرۆشراو لەگەڵ داهاتی بەدەستهاتوو ئەوە روون دەبێتەوە کە نزیکەی نیوەی داهات بۆ خەرجییەکان و پشک وهاوبەشی کۆمپانیاکان رۆشتووە.

گریمانەی دەسکەوتی داهاتی نەوت:



تێکرایی نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لەبازار **44.584 $**



تێکرایی نرخی نەوتی دەسکەوتوو بۆ حکومەتی هەرێم **نزیکەی 20 $**

## سێیەم: ووردەکاری پێدان و خەرجییەکان

### ٣. پێدانی پارەی تەرخانکراوەکان

| | |
|---|---|
| پێدانی پارەی کۆمپانیاکان | 624.998.472 $ |
| پێدانی پارە بۆ لایەنی سێیەم بەنوێنەرایەتی حکومەت | 638.178.647 $ |
| پارەی تەرخانکراو بۆ کەرکوک | 30.000.000 $ |
| پێدانی پارەی ئەمنی لەرێگەی وەزارەتی داراییەوە | 14.592.100 $ |

*تێبینی: ئەوەی کە تێبینی دەکرێت  زۆربەی کۆمپانیا نەوتییەکان لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە پارێزگاری دەکرێن، ئایا ئەم پارەیەی کە تەرخانکراوە لەدەرەوەی پارەی موچەکانیانە یان زیادەیە؟

### ٤. پارەی وەرگیراوی پێشوەختە

| | |
|---|---|
| بری پارەی پێشەکی وەرگیراوی حکومەتی هەرێم لە کۆمپانیاکان لەبەرامبەر پێدانی نەوت لەداهاتوودا | 183.825.333 $ |

### ٥. پارەی تەرخانکراو بۆ مەلەفەکانی دادگا:

| | |
|---|---|
| پارەی تەرخانکراو بۆ مەلەفەکانی دادگا | 518.169.127 $ |

تێبینی:

1. ئەو برە لەپارەی نەوت بەپێی بریاری دادگاکان لێدەرکراوە، پێدەچێت باجی کەیسی دانا گاز لەخۆ بگرێت چونکە برەکە سەرووی نیو ملیار دۆلارە)
2. ئەوە برە پارەیە کە پێشەکی وەرگیراوە روونکراوەتەوە. چۆن خەرجکراوە؟ بۆ چ پرۆژەیەک تەرخان کراوە؟

**٦. پارەی تەرخانکراو بۆ کارەبا بەپێی روونکردنەوەکانی راپۆرتەکە لەچوارچێوەی پارەی تەرخانکراو بۆ لایەنی سێیەم لەسەرەوە:**

کۆمپانیا ماس بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا: ١٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی وەرگرتووە لەهەمانکاتدا نزیکەی ٥٥ ملیۆن دۆلار دراوەتە وەزارەتی کارەبا بۆ دەستخستنی ووزەو بەرهەمهێنان، بۆیە پرسیارەکە لێرەدایە ئایا کێ بەرهەمهێنەری سەرەکی کارەبایە؟ کوردستان کە نەوتی خاو و گازی سروشتی هەیە بۆچی پارەیەکی زۆر دەروات لەبەرهەمهێنانی کارەبا؟ چی بکرێت ئەو تێچووانە کەمبکرێنەوە؟

هەروەها ٧٧.٥٤٠.٠٠١ دۆلاری ئەمریکی بۆ فراوانکردنی بۆری هەناردەکردنی نەوتی هەرێم خەرجکراوە

داهاتی پارەی ئەو برە نەوتەی بۆ پاڵاوگەو بەکارهێنان و ئاڵوگۆری ناوخۆیی:

بەپێی راپۆرتی دووەمی دیللۆیت نزیکەی ٥ ملیۆن بەرمیل نەوت بۆ پاڵاوگەو بەکارهێنان و ئاڵوگۆری ناوخۆیی نێردراوە، بەڵام داهاتی ئەو نەوتە یاخود شێوازی پێدانی و چۆنییەتی دانانی نرخی هەر بەرمیلێک بۆ پاڵاوگەو مەبەستەکانی دیکە نەخراوەتەروو، بۆ نموونە لەهەناردەی نەوتی بەبۆری ئاماژە بەوە کراوە کە نزیکەی ٨٢ ملیۆن بەرمیل و داهاتی زیاتر لە ٣ ملیارو نیو دۆلار بووە و بۆ تانکەریش زیاتر لە ٥ ملیۆن بەرمیل و بەداهاتی سەرووی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام کە دێتە سەر تەرخانکردنی نەوت بۆ پاڵاوگەو مەبەستەکانی دیکە نە داهات دیاریکراوەو نەروونکردنەوەی پێویستیش لەبارەی چۆنیەتی پێدانییان دراوە؟

# راپۆرتی سێیەم دیلۆیت

## بەرهەمهێنان، هەنارده کردن، بەکارهێنانی ناوخۆیی لەگەڵ داهاتەکان

## لە ٢٠١٨/٠١/٠١ بۆ ٢٠١٨/٠٣/٣١

### یەکەم: هەناردەی نەوت و بەکارهێنانی ناوخۆیی

#### ١. هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری

لەرێگەی بۆرییەوە 28.447.848

داهاتی دەسکەوتوو 01.559.412.410 $

تێکرای نرخی هەر بەرمیلێک 54.817 $

#### ٢. هەناردەی تانکەر:

لەرێگەی تانکەرەوە 408.277

داهاتی دەسکەوتوو 20.117.037 $

تێکرای نرخی هەر بەرمیلێک 49.273 $

#### ٣. بەکارهێنانی ناوخۆیی و وەبەرهێنەران

نەوتی هەناردەکراو بۆ پاڵاوگەکان 01.606.107

داهاتی دەسکەوتوو 84.179.334 $

تێکرای نرخی هەر بەرمیلێک 52.412 $

## دووەم: داهات و شیکردنەوەکانی

### 1. سەرجەم داهاتی بەدەستهاتوو

سەرجەمی نەوتی بەرهەمهاتوو 30.503.447

کۆی داهاتی بەدەستهاتوو لەفرۆشتن 01.663.708.781 $

تێکرای نرخی نەوت بۆ هەر بەرمیلێک 41.297 $

### 2. پوختەی داهاتی گەیشتوو بۆ حکومەتی هەرێم

کۆی داهاتی بەدەستهاتوو لەفرۆشتن 01.663.708.781 $

پوختەی داهاتی دەسکەوتوو دوای لێبرینەکان 0.648.589.443 $

## سێیەم: ووردەکاری پێدان و خەرجییەکان

### 1. پێدانی پارەی تەرخانکراوەکان

| | |
|---|---|
| پێدانی پارەی کۆمپانیاکان | 459.263.330 $ |
| پێدانی پارە بۆ لایەنی سێیەم بەنوێنەرایەتی حکومەت | 336.819.106 $ |
| تەرخانکردنی پارەیەک لەژێر ناوی پرۆسەی مۆڵەتی گرێبەستەکان بەبری | 223.455.047 $ |

## جیاوازییەکانی راپۆرتی سێیەم لەگەڵ یەکەم و دووەم:

جیاوازی راپۆرتی سێییەمی حکومەت لەچەند برگەیەکی سەرەکییدایە:
یەکەم: بۆ یەکەمجارە بەشێوەیەکی روون و دیار برو پارەی بەدەستهاتووی نەوتی دابینکراو بۆ پاڵاوگەکان تەرخانکراوە
دووەم: هیچ پارەیەکی تەرخانکراو بۆ کەرکوک دانەنراوە
سێیەم: هیچ ئاماژەیەک بە پێدانی پارە بۆ پرسی دادگاییەکردنەکان یاخود کەیسی داناگاز ئاماژەی بۆ نەکراوە کە لەراپۆرتی یەکەم و دووەم هاتبوون
چوارەم: برێک پارە تەرخانکراوە لە ژێر ناوی پرۆسەی مۆڵەتی گرێبەستەکان بەبری: ٢٢٣.٤٥٥.٠٤٧ دۆلاری ئەمریکی کە لەیەکەم و دووەم راپۆرتدا بوونی نەبوو.

**کۆی هەناردەکردنی نەوت و داهات لە ( 2017/01/01 تا 2018/03/31 ) سەرجەمی نەوتی بەرهەمهاتوو لەماوەی ١٥ مانگدا**



**232.353.637 ملیۆن**

**کۆی داهاتی بەدەستهاتوو لەفرۆشتن** **09.587.120.975 ملیار $**



**پوختەی داهاتی دەسکەوتوو دوای لێبرینەکان و گەیشتن بۆ حکومەتی هەرێم** **04.540102654 ملیار $**



لەم جیاوازەی سەرەوەی ژمارەکان بەپێی راپۆرتی دیللۆیت لەبارەی نرخی فرۆشتن لەبازارو پوختەی گەیشتن بەدەستی حکومەتی هەرێم دوای لێبرینەکان، ئەوە دەردەکەویت کە حکومەتی هەرێم زیاتر لە ٢٣٢ ملیۆن بەرمیل نەوتی لەمانگی یەکی ٢٠١٧ تا کۆتایی مانگی سێی ٢٠١٨ فرۆشتووە بە زیاتر لە ٩ ملیارو نیو دۆلاری ئەمریکی و پوختەی داهات لەو برە پارەیە ٤ ملیارو نیو دۆلاری ئەمریکییە کە ئەم داهاتە بەپێی بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی (PSA) بەدەستهاتوون.
لەدەرئەنجامی ئەو شیکردنەوانە بۆ زانیاری وژمارەکانی راپۆرتەکانی دیللۆیت پرسیارێک خۆی قووت دەکاتەوە دەبێتە دەرئەنجامی ئەم بەشە: ئایا ئەگەر هاتباو لێکەوت و دەرئەنجامەکانی بەرهەمهێنانی نەوت بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی نەوتی (PSA) پێش بریار لێدانی سیاسەتی سەربەخۆی فرۆشتنی نەوتی هەرێم شیکرابانەوەو داواکرابا کە حکومەتی عیراق لەبری هەر بەرمیلێک نەوت ٤٠% بداتە هەرێم یاخو لەنێوان ٢٠ تا ٣٠ دۆلار رێککەوتبان باشتر نەدەبوو؟

واتا بەپێی شیکردنەوەی داتاکان و بەرچاوخستنی ژمارەی هەرسێ راپۆرتەکە ئەوە دەردەکەوێت کە زیاتر لە ٥٠% داهاتی وەدەستهاتوو بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی (PSA) بۆ خەرجی و کرێ وپرۆسەی دەرهێنان رۆیشتووە، ئایا ئەگەر ئەو نەوتە تەسلیمی حکومەتی ناوەندکرابا و نەدەگەیشتنە رێککەوتنێک کە بەلایەنی کەمەوە داهاتەکەی لەداهاتی ئێستا زۆرترو باشتر نەدەبوو؟ کە یەکێک لەمەترسییەکانی ئەم گرێبەستە حوکمە یاساییەکان و مافی قەرەبووکردنەوەی کۆمپانیاکانە داناگاز، بۆنموونە!

یەکێکی دیکە لەدەرئەنجامەکانی ئەو بەشە ئەوەیە کە کەیسی شیرینی نەوتییەکان پێویستی بەووردلێبوونەوەو راپۆرتێکی سەربەخۆ هەیە کە دەکرێت دیللۆیت لێکۆلێنەوە یاخود وەکو کارێکی کۆمپانیاکە کاری لەسەر بکات لەپێناو گەشەپێدانی شەفافییەت لەپرۆسەی نەوتداو هەروەها یەکێک لەتایبەتمەندییە باشەکانی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی (PSA)، ئەوا پێدانی ئەو شیرینیانەیە.


# بەشی سێیەم


## حکومەتی هەرێم و پابەندی بە پێوەرەکانی

## دەستپێشخەری شەفافیەت بۆ پیشەسازییە دەرهاتوەکان
## (Extractive Industries Transparency Initiative - EITI)

Extractive
Industries
Transparency
Initiative






# حکومەتی هەرێمی کودستان و پابەندی بە پێوەرەکانی

## دەستپێشخەری شەفافیەت بۆ پیشەسازییە دەرهاتوەکان (EITI)

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی هەردوو یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ مادەی پازدەهەم برگەی شەشەم و، یاسای سندووقی داهاتەکانی نەوت و گازی کوردستان ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٥، لە بەڕێوەبردنی داهاتەکانی نەوت و گازدا، پابەند کراوە بە کارکردن بە بنەماکانی دەستپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازیەکانی دەرهاتوو[1].

بەڵام دەستپێشخەریەکە لە جێبەجێ کردنی پێوەرەکانی لە تی ئای تی ئای مامەلە لەگەڵ ولات دەکات، بۆیە هەرێم ناتوانێ بەشدار بێ بە راستەوخۆیی تەنها لە چوارچێوەی عێراق دەتوانێت.

لە شوباتی ٢٠١٠ ئەندامیەتی عێراق قبوڵ کراوە لە دەستپێشخەریەکە و لەیەکە راپۆرتی عێراق ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە تایبەت بەو دەستپێشخەریە، لەو راپۆرتە داتاکانی هەرێمی تێدانەبوو، لە ٢٠١٠ بە رێکەوتنی هەرێم و بەغدا بەشێک تەرخان کرا بەداتاکانی نەوتی هەرێم و تیایدا بڵاوکرایەوە، لە ٢٠١١ حکومەتی هەرێم داتاکانی دەنێرت و بەغدا رازی نابێت بە زانیاریەکان و بەو شێوەیە بەبێ داتاکانی هەرێم بڵاوکرایەوە کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا لەوێ سەریهەڵدا لەسەر پرسی پابەند بون بە دەستپێشخەری شەفافیەت بۆ پیشەسازیە دەرهاتوەکان دروست بو، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە راگەیەنراوێک لە ساڵی ٢٠١١ رایگەیاند پابەند دەبین بە پێوەرەکانی (EITI)، بەڵام بەدەر لە حکومەتی عێراق، پاشان وەزارەتی سامانە سورشتیەکان خۆی دەستی بە بڵاوکردنەوەی داتاکانی کرد کە دوچاری رەخنە بویەوە، چونکە پابەند بون بە پێوەرەکانی دەستپێشخەری شەفافیەت (EITI) چەندین پێوەر و مەرجی هەیە کە بە بڕوای شارەزایانی ئەو بوارە لە راپۆرتەکانی هەرێم ڕەچاو نەکراوە.

لە سەرجەم راپۆرتەکانی عێراق جگە لە ٢٠٠٩ داتاکانی هەرێم بڵاوکراوەتەوە لە راپۆرتەکان بەڵام بەگوێرەی پێوەرەکان کۆنەکراوەتەوە و فۆرمە ستانداردەکانی وردبینی تێدا رەچاو نەکراوە، بەڵکو سود لەو داتایانە وەرگیراوە لەبارەی نەوتی هەرێم کە کۆمپانیاکان یان وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و میدیاکان بڵاویان کردۆتەوە، بەڵام شێوازی کۆکردنەوەکە کەموکوڕی تێدایە.

---

(1) **بەشی شەشەم، مادەی پازدەم، بڕگەی شەشەم:**

"حیسابی کێڵگەکانی ئێستا و حیسابی کێڵگەکانی ئایندە بۆ وردبینی سەربەخۆ ملکەچ دەبن، وە سەیرکردنی بۆ هاوڵاتیان ڕەوانە. سندوقەکە بەرپرسیاریەتی خۆی بەپێی پرەنسیپ و پێوانەی تایبەتی بەدەستپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازیەکانی دەرهاتوو ئەنجام دەدات کە لە سەرچاوەی (Extractive Industries Transparency Initiative - EITI) ئاداری 2005 داهاتووە". (یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ نەوت و گازی هەرێمی کوردستان-عێراق).

**بەشی پێنجەم، مادەی (12)، برگەی چوارەم:**

"دەستەی بەرپرسیارێتی خۆی بەپێی ئەو پرنسیپ و ستاندەرانەی تایبەتن بە دەسپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازییە دەرهێنکارەکانی هاتوو لە سەرچاوەی (Extractive Industries Transparency Initiative)ی ناسراو (EITI) پیادە دەکات و پێویستە شیاو و هاوتەریب بن لەگەڵ شێوازە هەرە باشەکانی پیشەسازییە نەوتییەکان". (یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان).

## پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی دەستپێشخەری نێودەوڵەتی شەفافیەت

جێبەجێ کردنی بنەمای کارکردنی دەستپێشخەری نێودەوڵەتی شەفافیەت لە پیشەسازییەکانی دەرهێنان (EITI) کۆمەڵێک مەرجی هەیە بەشێوەیەک دەستپێشخەرییەکە هەر دەوڵەتێکی ئەندام پابەند دەکات بەوەی کە راپۆرتەکانیان بۆ نمونە لەبارەی داهاتی نەوت، لەلایەن ئەنجوومەنێکی سێ لایەنەوە پەسەند و بەرز بکرێتەوە، ئەنجوومەنەکە لە نوێنەرانی حکومەت، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی پێک دێت و بە ئەنجوومەنی خاوەن بەرژەوەندییەکان ناودەبرێت و کەسێک بە پلەی وەزیر دەبێ سەرپەرشتی بکات، بۆیە یەکەم هەنگاو دروستکردنی ئەو ئەنجوومەنە کە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەک دەکات بۆ وردبینی لە داهاتەکە واتە حکومەت بە تەنها سەربەست نیە لەگەڵ هەر کۆمپانیایەک بیەوێ گرێبەست بکات بەلکو کاری ئەو ئەنجومەنەیە و پێویستە هەموان رەزامەند بن، کاتێکیش راپۆرتی دەوڵەتەکە بۆ دەستپێشخەری نێودەوڵەتی شەفافیەت بەرز دەکرێتەوە، دەبێت لەلایەن ئەندامانەکانی ئەنجوومەنەکەوە لە حکومەت، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی ئیمزا و پەسەند کرا بێت، بە پێچەوانەوە ئی ئای تی ئای راپۆرتەکە وەرناگرێت.

## جێبەجێکردنی لە عێراق

لە عێراق بەگوێرەی پێوەرەکانی ( EITI )ئەنجومەنێک هەیە وەک یەکێک لەداخوازیە بنەڕەتیەکانی ئەو دەستپێشخەریە و سەرپەرشتی پرۆسەی ئی ئای تی ئای لە عێراق دەکات بی ئەنجومەنی خاوەن بەرژەوەندیەکان ناودەبرێت، نوێنەری چاودێری دارایی و سەندیکا و حکومەت و کۆمپانیا ناوخۆیی و دەرەکی تێدایە و کەسێک بە پلەی وەزیر سەرپەرشتی دەکات و پێوەرەکان بۆ وردبینی ساڵانە رێکدەخات، دواتر بەمەبەستی هەڵبژاردنی کۆمپانیایەک ئاگاداریەک بڵاو دەکرێتەوە بۆ ئەوەی کێ ئامادەیە وردبینی بکات، دواتر یەک یان دوو کۆمپانیا هەڵدەبژێردرێت و ساڵانە ئەو پرۆسەیە نوێ دەکرێتەوە.

ئەنجومەنەکە کۆمەڵێک پێوەر بۆ کۆمپانیاکە دادەرێژێت، لەماوەی چەند وردبینیەکە دەکات و مەرجەکانی ئەنجومەنەکە پێویستە جێبەجێ بکات. بری ئەو پارەیەی کە کۆمپانیاکە کارەکە دەکات بەگوێرەی پۆینت هەڵدەبژێردرێ. دواتر ئەو کۆمپانیایەی بە پرۆسەی وردبینیەکە هەڵدەستێت تێمپلێت و خشتەی زانیاریە داواکراوەکان بڵاودەکاتەوە بۆ ئەوەی بگات کۆمپانیا بیانیەکان و وەزارەتەکان و حکومەت و کۆمپانیا خۆمالیەکان کە بەرپرسن لە پرکردنەوەی ئەو فۆرمانە، دواتر کۆمپانیاکە داتا جیاجیاکان شی دەکاتەوە و بەراوردی دەکات و ئەنجامەکەی دەخرێتەوە بەردەم ئەنجومەنەکە. راپۆرتی کۆتایی ئەگەر یەک کەس نارازی بێت لە ٢٠ کەسەکە پێویستە راپۆرتەکە چاکسازی تێدا بکرێ و دوای پەسەند کردنی لەلایەن ئەنجومەنەکە، راپۆرتەکە ئاراستەی بۆردی شەفافیەت لە ئۆسلۆ دەکرێت، سێ سال جارێک پێداچونەوە بە راپۆرتەکان لەلایەن بۆردی نێودەولەتی دەکرێت، عێراق تاکو ئێستا شەش راپۆرتی لەنێوان ساڵانی ٢٠١٠٩ تا ٢٠١٥ بلاوکردۆتەوە.

لە ئێستا عێراق ئەندامیەتی لە دەستپێشخەریەکە هەلپەسێردراوە سەرەرای، بەهۆی کەموکوڕی لە داتاکان کە بەشێکی پەیوەندی بە داتاکانی هەرێم و کۆمپانیاکان و حکومەتی هەرێم، بەشێکی تری پەیوەندی بە داهاتی کانزاکان و پترۆدۆلار و هەندێک گرێبەست عێراق هەیە و ئێستا لە قۆناغی پێداچونەوەیە.

ئەو زانیاریانەی لە راپۆرتەکانی عێراق هەیە باجەکان داتاکانی بەرهەم و هەنارده، خاوەنداریەتی کۆمپانیاکان فرۆشیاری کۆمپانیاکان بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی جێبەجێکردمی زنجیرەی بەها دەرهێنان تا گرێبەست، سەقامگیری ئابوری بۆ وەبەرهێنان.

## چەند سەرنجێکی گشتی لەسەر راپۆرتەکانی دیلۆیت

گرێبەست کردن لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆیت لەلایەن حکومەتی هەرێم هەنگاوێکی باش بوو وەک سەرەتا بۆ زیاترکردنی شەفافیەت لە پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، بەرەو پێش چوونێکی گرنگ بو لە پرۆسەکە لەچاوەی ئەوەی پێشتر کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان خۆی داتاکانی خۆی بڵاوبکاتەوە، بەڵام هەموو پێویستیەکان نیە بۆ دروستکردنی شەفافیەت، ئەوەی گرنگە ئەو چەند خاڵەی خوارەوەیە بۆ هەنگاوە گشتیەکان لە داهاتوو:

١- داتاکانی دیلۆیت بەگوێرەی پێوەرەکانی خۆی و حکومەت نەک ئەنجومەنی خاوەن بەرژوەندیەکان ئامادەکراوە، پێویستە لە هەرێم ئەنجومەنێکی هاوشێوەی بەغدا دروست بکرێت کە نوێنەری حکومەت و دیوانی چاودیری دارایی و پسپۆران و پەرلەمان رێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنی سەندیکاکانی ژمێریاری و پارێزەرانی تیدا بێت.

٢- پێویستە زانیاریەکانی تایبەت بە نەوت بەگوێرەی ستاندارەدەکانی (EITI) بڵاوبکرینەوە و، سیستەمێکی یەکگرتوو رەچاو بکرێت.

٣- راپۆرتەکان بە شێوەی ساڵانە بڵاوبکرێنەوە، نەوەک شەش مانگی و سێ مانگی و ساڵانە، بەشێوەیەک کە کاتی دیاریکراوی نەبێت.

٣- دیلۆیت لە راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکات بەرپرسیاریەتی تەنها بەرامبەر حکومەتە نەوەک لایەنی تر کە ئەوەش بەگوێرەی پێوەرە نێودەولەتیەکان قبوڵکراو نیە.

# بەشی چوارەم

## شێوازی قەرز دانەوەی هەرێمی کوردستان

بەراوردێك لە نێوان قەرزیەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ پرسی دانەوەی قەرزەکانی  حکومەت لە راپۆرتەکانی دیلۆت



# شێوازی قەرز دانەوەی هەرێمی کوردستان

## بەراوردێك لە نێوان قەرزیەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ

## پرسی دانەوەی قەرزەکانی حکومەت لە راپۆرتەکانی دیلۆت

دوای قوڵبونەوەی قەیرانی دارایی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دووچاری کۆمەڵێک قەرز بۆتەوە، وەک ئاسەواری قەیرانی دارایی بەسەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی ڕوونە تاکو ئێستا زانیاریەکی ئەوتۆی فەرمی لەو بارەیەوە نەخراوەتە ڕوو، ئەگەرچی یاسای راکێشانی مایە لە رێگای قەرزی دەرەکی لە پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٥ بە (یاسای ژمارە ٧) پەسەند کراوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات نابێت بڕی ئەو قەرزەی رادەکێشرێت لە (٥) ملیار دۆلار زیاتر بێت، بەڵام زۆرینەی قەرزەکانی حکومەت دەگەرێتەوە بۆ بەر لەو بەرواره، هاوکات یاساکە باس لە سەرچاوەی قەرزەکەش دەکات، پێویستە یاسایی و پاک بێت، بەو مانایەی ڕوون بێت.

کۆمپانیای دیلۆیت لە راپۆرتی سێیەمی ئاماژە بەوە کراوە، کە سەد ملیۆن دۆلار بۆ قەرزی هەردوو کۆمپانیای TEC و TPIC کە دوو کۆمپانیای تورکین، هەروەها حەوت ملیۆن و ١٠٣ هەزار و ١٥٧ دۆلار بۆ قەرزی کۆمپانیای UK Export finance.

باسکردنی دانەوەی قەرز بۆ ناو راپۆرتی دیلۆیت، لە بنەڕەتدا بابەتێکی زیادەیە و پێویست نیە، بەگوێرەی پێوەرەکانی دەستپێشخەری شەفافیەت پێویستە تەنها ئەو خەرجیانە لەو راپۆرتی فرۆشتن و داهاتی نەوتن، کە پەیوەندیدارن بە پرسی نەوت، بۆ نمونە، پەرەپێدانی کێلگەکانی نەوت، شایستەی دارایی کۆمپانیاکان، یاخود هەر چالاکیەکی تر کە تایبەتە بە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت، بەڵام لە راپۆرتەکانی دیلۆیت جۆرەها خەریجی تێدایە کە شوێنی ئەوانە، ئەو راپۆرتە نیە بەڵکو پێویستە لە بودجە شوێنی بۆ بکرێتەوە.

تایبەت بە پرسی قەرزەکان و، دانەوەی بۆ نمونە حکومەتی عێراق ساڵانە ئەو پرسە لە بودجە یەکلا دەکاتەوە بەوەی بڕی قەرزەکان چەندە. هی چیە؟ چۆن دەدرێتەوە؟ ماوەکەی چەندە؟

بۆ نمونە بەگوێرەی داتا فەرمیەکانی عێراق قەرزی سەر حکومەتی عێراقی ئێستا نزیکەی (١٢٤ ملیار دۆلارە) کە بە ڕوونی لە خشتەیەک سەرچاوەی قەرزەکان ڕوون کراوەتەوە، رێوشوێنی دانەوە و ستراتیژیەتی مامەڵە لەگەڵ قەرزەکان خراوەتە ڕوو، لە بودجەی ساڵی ٢٠١٨ هاتوە، بڕی ٨٢٤٦٨٩٩٠٠٠ (هەشت ملیار و دووسەد و چل و شەش ملیارهەشت سەد و نەوەد و نۆ ملیۆن دیار) تەرخان دەکرێت بۆ دانەوەی قەرزەکان.

لەبارەی قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان، رێباز حەملان وەزیری دارایی هەرێم لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٥ رایگەیاندوە جگە لە دوو ملیار دۆلارەکەی دانەغاز، قەرزەکانی حکومەتی هەرێم زیاتر لە (١٨ ملیار دۆلارە)، هەندێ زانیاری نافەرمی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێم نزیکەی (٣٠ ملیار دۆلار) دەبێت، ئەوەی بۆتە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری جۆراو جۆر و ژمارەی جیاواز نەبونی ژمارەی فەرمیە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەبارەت بە قەرزەکان.

رێباز حەملان وەزیری دارایی لە دیدارێکی لەگەڵ کەناڵی ڕووداو، لە٢٠ی ٩ ی ٢٠١٨ رایگەیاند. رۆژانە (٣٥٠ هەزار بەرمیل نەوت) دەفرۆشین، داهاتی مانگانەی نزیکەی (٦٠٠ ملیۆن دۆلارە) لەو بڕە (٣٢٠ ملیۆن دۆلار) دەگاتە

وەزارەتی دارایی بۆ دابەشکردنی مووچە، برەکەی تر کە (٢٨٠ ملیۆن دۆلارە) دەدرێتەوە قەرزی کۆمپانیاکانی نەوت و ئەو پارانەی کە پێشەکی لە فرۆشتنی نەوت وەرگیراون. وتیشی (٣٢٠ ملیۆن دۆلار) قەرزی بانکە ئەهلیەکان دراوەتەوە، کە زانیاریەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن ئەو قەرزە ملیارێک دۆلارە، ئەوەی مایەی تێبینی بو، لە دیدارەکە وەزیری دارایی ئاماژەی بە بڕی قەرزەکان نەکرد. سەرچاوەکانیان، سیاسەتی دانەوەی قەرزەکان چۆنە؟ کە ئەوانە پێویستە بە شەفافیی بخرێتە بەردەم خەڵک و پەرلەمان، لەپێناو دروستکردنی متمانەی زیاتر بە پرۆسەکە.

ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان لە وتارێکیدا لە ٠٧/١١/٢٠١٦ لە هەفتەنامەی روداو بڵاوبویەوە، رایگەیاندوە، کۆی گشتیی قەرزەکانی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی ٢٤ تریلیۆن دیناری عێراقی (واتە ٢٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی)یە کە چوار تریلیۆن دیناری مووچەی نەدراو (پاشەکەوتکراو)ی فەرمانبەرانی کەرتی گشتییە.

لە لایەکی دیکەوە، سەمیر هەورامی راوێژکاری میدیایی، قوباد تاڵەبانی، لە ١١/٤/٢٠١٨ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵ، دەڵێت،"حکوومەتی هەرێمی کوردستان ١٥ بۆ ١٦ ملیار دۆلار قەرزارە نەوەک ٣٠ ملیار دۆلار، فەرمانگەی قەرزەکانی لە وەزارەتی دارایی دامەزراوە و برای بەڕێزم د.ئامانج سەرپەرشتیی دەکات و لەماوەیەکی نزیکدا بە ژمارە و داتا هەموو قەرزەکان کە چەند قەرزاریین و قەرزاری کۆمپانیاکان و مووچەخۆران و بەڵێندەرانیش و هەموو ئەوانی دیکە بە وردی دەخرێنە روو، هەروەها دەشڵێت، "پێشنیازمان کردووە قەرزەکانی هەرێم کە ١٦ ملیار دۆلارە، بخرێنە سەر قەرزەکانی عێراق". هەورامی ئاشکراشی دەکات "٥٥ هەزار دوو مووچە و سێ مووچەیی لە لیستی مووچەخۆرانی هەرێم دەرهێنراون".

## ئەوەی گرنگە بۆ هەنگاوی داهاتوو لە پرسی دانەوەی قەرزەکان، پێویستە:

1. حکومەت زانیاری فەرمی لەبارەی بڕی قەرزەکان، بڵاوبکاتەوە، سەرچاوەکانیان و هۆکاری قەرزەکان و چۆنیەتی خەرجکردنی.
2. ساڵانە لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، بەرنامەی داناوەی ئەو قەرزانە بخرێتە ڕوو، پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر بدات.

## هەندێک ژمارەو ئاماژەی نوێ لەبارەی نەوتی کوردستان

بەگوێرەی راپۆرتێکی (Iraq Oil Report) کە سەرەتای ئەو مانگە بڵاویکردۆتەوە بەرهەمی نەوتی هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە نزیکەی ٤٥٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە، لەکاتێکدا ساڵی پار لەمکاتەدا کەمتر لە ٣٥٠ هەزار بەرمیلی رۆژانەی هەبووە. چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی مانگی داهاتوودا بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو بگاتە ٥٠٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە.

راپۆرتەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ئەو زیادکردنە بەهۆی وەبەرهێنانی زیاتری کۆمپانیاکانەوە بووە لە کێڵگەنەوتیەکانی کوردستان دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم کەوتە دانەوەی قەرزو شایستە داراییەکانیان.

لە راپۆرتەکە هاتوە، ئەگەر ئەم ژمارانە شیکاری بۆ بکرێت بۆ پارەو داهات؛ مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان بە (٣٨٠) ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرا، بەڵام لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨دا بڕی ئەم داهاتە بەرز بووەوە بۆ (٩١٨) ملیۆن دۆلار.

## گێڕانەوەی پارەی نەوت

زۆری ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ نارۆنی لە موڵکیەت و گواستنەوە و فرۆشتنی نەوت و ڕێچکەکانی هەناردەکردن و گێڕانەوەی داهاتەکان، کە هەمشە مایەی مشتومڕی نەپساوە بونە لەنێوان هەردو وەزارەتی دارایی و سامانە سروشتییەکان. لە دەوڵەتی عێراقدا، وەك زۆربەی وڵاتە نەوتدارەکان، کە نەوت هەناردە دەکرێت، پارەکە بە شێوازی پسولەی کرێدیت (ڕەسید) بە بەهای دۆلار دەگەڕێتەوە. ئەو کرێدیتە دەچێتە بانکی ناوەندیی و لەوێدا وەك دۆلار دەخرێتە مەزادی ئاشکراوە بۆ ئەوەی بازرگانانی دۆلار (سەڕافەکانی عوملە) بە دینار بیگۆڕنەوە. لە عێراق لیژنەیەکی تایبەت کەمترین نرخی داواکراو بۆ دۆلار دیاری دەکات بەو چاوەڕوانیەی کەلە مەزادەکەدا زۆرترین داهاتی دینار بۆ دەوڵەت مسۆگەر بکات. ئەو داهاتە دواتر بە دینار دەنێردرێتە وەزارەتی دارایی و بەپێی یاسای بودجە خەرج دەکرێت.

هەرێمی کوردستان خاوەنی سیادەی نێودەڵەتی نیە و بانکی مەرکەزی سەربەخۆ و بانکی حکومی نێودەوڵەتیش نیە بۆ ئەوەی بتوانی بە میکانیزمی هاوشێوەی عێراق دهات بگەڕێنێتەوە. ئەو نەوتە کە لە هەرێمی کوردستان هەناردە دەکرێت و لە بەندەری جیهان لە ڕێگای کۆمپانیای (ڤیتۆڵ)ەوە دەفرۆشرێت، پارەکەی بە (کرێدیتی دۆلار) دەگوازرێتەوە بۆ بانکێکی تورکی، لەوێشەوە دەگەڕێتەوە بۆ بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی لە هەولێر، کە سەر بەکەرتی تایبەتە و خاوەنی کۆدێکی (سویفت)ـە. لەوێدا دۆلار دەکرێتە دینار و دەخرێتە سەرحیسابی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان. هەر لەو وەزارەتەوە موستەهەقاتی کۆمپانیا نەوتیەکان و پاڵاوگەکان و خەرجی دیکەی پێویستی لێ دەردەکرێ و باقیەکەی دیکە بۆ وەزارەتی دارایی دەنێردرێت.

## سەرچاوەکان

بۆ ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە، سود لەو سەرچاوانەی خوارەوە وەگیروە:

### رابۆرتەکانی دیلۆیت

1. Kurdistan Regional Government of Iraq, Oil production, export, consumption and revenue for the, period 1 January 2017 to 30 June 2017. 13 January 2018.
2. Kurdistan Regional Government of Iraq, Oil production, export, consumption and revenue for the period 1 July 2017 to 31 December 2017, 31 July 2018.
3. Kurdistan Regional Government of Iraq, Oil production, export, consumption and revenue for the period 1 January 2018 to 31 March 2018, 12 August 2018.

### یاساکان

یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان
یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ نەوت و گازی هەرێمی کوردستان - عێراق
یاسای ژمارە (٢١) ساڵی ٢٠٠٧ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق

### ئینگلیزی

2. Erin Banco, Pipe Dreams: The Plundering of Iraq's Oil Wealth, Columbia Global Reports 2018.
3. David L. Phillips, The Kurdish Spring: A New Map of the Middle East
4. KRG، 2016/10/5 ، <http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=54982>
5. KRG،2016/11/30 ، <http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=55158>
6. Financial Report,(2007 - 2013) Ministry of Natural Resources KRG.

### کتێب و راپۆرتەکان و رۆژنامەکان

1. دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، دەوڵەتسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای میری، ٢٠١٨.
1. د. شیرکۆ حەمەئەمین و غالب محمد عەلی، نەوت دیار، داهات نادیار، راپۆرتی تایبەت، ٢٠١٦.
2. هەفتەنامەی رووداو، ژمارە (٤٣١)، ٢٠١٦/١١/٧.
3. سێکوچکەی نەوت و ناڕوونیی و لاوازیی دامەزراوەکان. د. ئارام رەفعەت، ٢٠١٣\١٠\١٤
<http://www.emrro.com/sekuckeynewtu.htm>
4. رووداو ، گەشەی کەرتی نەوت لە کوردستان و بەراوردکردنی لەگەڵ عێراق، ٢٠١٨/١١/٩.
< http://www.rudaw.net/sorani/business/091120181>

سوپاسی هەموو بەڕێزانە دەکەین کەیامەتیان داوین لە ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە، بەتایبەتی بەڕێزان (خالید نەقشبەندی و عەبدوڵلا خالید)

# KRG's Oil Transparency from the Deloitte's Perspective


## Abstract

After passing the Oil and Gas Law in 2007, the oil production process of Kurdistan Region has been transferred into a legal process in which, according to the principles of the law, the government must respect the international standards of transparency EITI (Extractive Industries Transparency Initiative) that is required for any such process. However, unfortunately, to date the transparency principles have not been applied to the region's oil sector and revenue!

The aforementioned sector lacks transparency measures. The sole window that we have got to receive information about oil revenue and agreements is Deloitte. It has an audit agreement with the KRG to conduct auditing part of the production and sales of extracted oil by KRG. Through implementing this agreement, Deloitte has published around 3 reports on the production, sales, expenditures and revenues for a limited time.

Due to the lack of transparency, this work focuses on the published reports of Deloitte as the only available source so as to compare and investigate the credibility of the figures, in terms of oil production, that are stated in the reports. Through analyzing the reports, we could say that it is beneficial to have such reports but still there are many questions that have not been answered and remained unclear. According to the facts presented in the reports mentioned previously, for instance, the KRG only receives half of the revenues that it gains from the sale of each barrel of oil. Yet, no explanation has been offered in the reports as to why?

This work is also tries to remind officials, especially the members of the Kurdistan Region parliament, the risks of not having a very transparent process for our main revenue. It also refers to some of other agreements and the background of the oil production process of the past ten years. Furthermore, this report attempts to encourage the government and others to revise their transparency policy and hopes that this work could participate to shed light on some details of this dark process!

# پاشکۆ

# راپۆرتی یەکەمی دیلۆیت

## خشتەی ١

### هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت

**وردبینی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٧.**

| هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا |
|---|---|
| نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری (بەشداریی حکوومەتی هەرێم و کۆمپانیای نەوتی باکوور (NOC))، بڕوانە (تێبینی ٢) | ٩٥,٨١٢,٧٥٥ بەرمیل |
| نەوتی خاوی هەناردەکراو بە تانکەر لە یەک کێڵگەی هەرێمی کوردستانەوە، بڕوانە (تێبینی ٣) | ٤,٨٧٨,٨٨٧ بەرمیل |
| نەوتی خاوی دابینکراو بۆ پاڵاوگەکان بەپێی گرێبەستەکانیان | ٣,٤٥٥,٨٢٢ بەرمیل |
| نەوتی خاوی تەرخانکراو بۆ بەرهەمهێنەرانی نەوت | ١,٦١٥,٩٢٥ بەرمیل |
| فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی نەوتی خاو لە ناوخۆی هەرێمدا | ٥,٠٨٨,٨٨٧ بەرمیل |
| کۆی هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوتی خاو | ١١٠,٨٥٢,٢٧٦ بەرمیل |

| شیکاری فرۆشتنی نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا |
|---|---|
| کۆی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران (کۆی بڕەکە پاش لابردنی پێکهاتەی ئاو)، بڕوانە (تێبینی ٤) | ٩٥,٩٣٧,١٠٧ بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | ٣,٩٦١,٩٥١,٠٩٥ دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی یەك بەرمیل نەوتی فرۆشراو (*) | ٤١.٢٩٧ بەرمیل/ $ |

*(*) ئەو بارە نەوتانەی کە هێشتا نرخی کۆتایی بۆ یەك بەرمیل بڕیاری لەسەر نەدراوە لەگەڵ کڕیارەکان لەم خشتەیەدا لەسەر بنەمای نرخی کاتیی هەژمار کراوە کە لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتنی کۆتایی، شایەنی هەموارکردنەوەن.*

| شیکاری هەناردەکردن بە تانکەر | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا |
|---|---|
| کۆی نەوتی گواستراوە بۆ کڕیاران (کۆی بڕەکە پاش لابردنی پێکهاتەی ئاو)، بڕوانە (تێبینی ٤) | ٤,٢٣٠,٧٩٠ بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | ١٠٧,٦٨٣,٢٤٢ دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی یەك بەرمیل بۆ نەوتی فرۆشراو (**) | ٢٥.٤٥٢ بەرمیل/ $ |

*(**) بۆ فرۆشی نەوتی خاوی هەناردەکراو بە تانکەر، تێچووی زیاتری هەناردە هەیە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کڕیارەوە دراوە و دواتر لەگەڵ نرخی فرۆشتندا هەژمار کراوە ( بۆ نموونە تێچووی گواستنەوە بە تانکەر، سەرپەرشتیکردن و عەمبارکردن).*

| ڕێڕەوی دارایی (التدفق المالي) | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا |
|---|---|
| کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | ٤,٠٦٩,٦٣٤,٣٣٧ دۆلاری ئەمریکی |
| گۆڕانکاری لە باڵانسی حسابی کڕیارانی نەوت (جگە لە پارەدانی پێشەکی نوێ) | (٥١٣,١٧٩,٢٩١) دۆلاری ئەمریکی |
| سوود و تێچووی دیکە لەلایەن کڕیاری نەوتەوە | (١٦,٧٨٦,٣٨٧) دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بە بەرهەمهێنەرانی نەوت لە جیاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان | (٥٦٨,٨١٨,٢٣٩) دۆلاری ئەمریکی |
| بڕی تێچووی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو بۆ بەرژەوەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان | (٦٩٢,٥٣٣,٠٠٦) دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بە پارێزگای کەرکووک بەرامبەر نەوتی گواستراوە لە کەرکووکەوە (پترۆدۆلار) | (٦٢,٠٠٠,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە بەرامبەر تێچووی پاراستنی ئاسایشی دامەزراوەکانی نەوت | (٥٠,١٦١,٩٤٠) دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بە (دانا غاز) | (٩٠,٠٥٢,٩٣٢) دۆلاری ئەمریکی |
| کۆی سافی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی فرۆشتنی نەوتدا | ٢,٠٧٦,١٠٢,٥٤٢ دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدانی سەربار لەلایەن کڕیارانی نەوتەوە لە بەرامبەر فرۆشتنی نەوتی داهاتوو | ١,٢٥٢,١٠٨,٥٧٧ دۆلاری ئەمریکی |

Kurdistan Regional Government of Iraq 6

کوردی

# تێبینییەکان بۆ خشتەی ١

## هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت

**وردبینیی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٧.**

| | | |
|---|---|---|
| **تێبینی ١** | | |
| **هەموو ژمارەکانی خشتەی (١) لە ماوەی نێوان ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٧ بۆ زانیارییەکانی هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت، لەسەر بنەمای تۆمارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانن.** | | |
| **تێبینی ٢** | | |
| کۆی نەوتی خاوی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە | ٩٨,٠٧٣,١٠٠ | بەرمیل |
| زیادبوون (کەمبوونەوە) لە عەمبارەکان لە تێرمینالّی نەوت | (٢,٢٦٠,٣٤٥) | بەرمیل |
| **نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری (بەشداریی حکوومەتی هەرێم و کۆمپانیای نەوتی باکوور (NOC))** | **٩٥,٨١٢,٧٥٥** | بەرمیل |
| **تێبینی ٣** | | |
| کۆی نەوتی خاوی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە | ٤,٢٣٤,١١٣ | بەرمیل |
| زیادبوون (کەمبوونەوە) لە عەمبارەکان لە تێرمینالّی نەوت | ٦٤٤,٧٧٤ | بەرمیل |
| **هەناردەی نەوتی خاو بە تەنکەر لە یەک کێڵگەی هەرێمی کوردستان** | **٤,٨٧٨,٨٨٧** | بەرمیل |
| **تێبینی ٤** | | |

*کۆی گشتیی نەوتی هەناردەکراو لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتییە لە ٩٨,٠٧٣,١٠٠ بەرمیل، لە کاتێکدا سافیی ئەو نەوتەی هەناردە کراوە لە ڕێگەی بۆرییەوە و فرۆشراوە بریتییە لە ٩٥,٩٣٧,١٠٧ بەرمیل. هۆکاری ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە:*

*١ . سافیی بڕی نەوتی فرۆشراو لە دوای لابردنی پیسی، وەك پێکهاتەی ئاو.*

*٢ . دوو باری کەشتیی (نەوتی خاوی پاککراوە لە پێکهاتەی ئاو) ئەژمار کراون لە چوارچێوەی( کۆی گشتیی نەوتی هەناردەکراو لە ڕێگەی بۆرییەوە کە دەکاتە ٩٨,٠٧٣,١٠٠ بەرمیل)، بەڵام ئەو دوو بارە کەشتییە ئەژمار نەکراون لە سافیی فرۆشتنی نەوتی هەناردەکراو لە ڕێگەی بۆرییەوە کە بە ٩٥,٩٣٧,١٠٧ بەرمیل دیاری کراوە، چونکە داهاتی ئەو دوو بارە کەشتییە نەفرۆشراوە، بەڵکو خراونەتە بڕی شایستەی خزمەتگوزاری و دابینکردن: بڕی باری کەشتیی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ بریتی بوو لە ٨٩٩,٩٨٣ بەرمیل، کۆی گشتی ( ٦٦٥,٩٨٧ بەرمیل سافی)، و باری کەشتیی نیسانی ٢٠١٧ بریتی بوو لە ٨٤٧,٦٤٧ بەرمیل، کۆی گشتی ( ٤٤٩,٢٥٣ بەرمیل سافی). بەهای ئەو دوو بارە کەشتییەش بۆ هەر بەرمیلێك لەنێوان ٤ دۆلار و ٥ دۆلاری ئەمریکیدایە.*

| |
|---|
| **تێبینی ٥** |

*لە ماوەی دیاریکراودا، کڕیارانی نەوتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە بڕی ( ٣٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) بەشدارییان کردوە لە بەرپرسیارێتیی هاوبەشی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکان (corporate social responsibility ("CSR")) و ئەو بڕە پارەیە دراوە بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان. لە هەمان ماوەدا، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڕی (٣٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) بەکارهێناوە لە ڕێگەی وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە بۆ پاڵپشتیکردنی مووچەی مامۆستایان. ئەم بڕانە لە خشتەی ژمارە (١) دا دانەنراون.*



کوردی

# ڕاپۆرتی دووەمی دیلۆیت

## خشتەی ژمارە ١

## هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت

**وردبینی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ ی تەمموزی ٢٠١٧ تا ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٧.**

| **هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت** | **کۆی گشتی لەو ماوەیەدا** | |
|---|---|---|
| نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری (بە بەشداری کێڵگە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی)، بڕوانە (تێبینی ٢) | ٨١,٠٥٤٨,٩٧٢ | بەرمیل |
| نەوتی خاوی هەناردەکراو بە تانکەر لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستانەوە، بڕوانە (تێبینی ٣) | ٤,٩١٣,٩١٠ | بەرمیل |
| نەوتی خاوی گواستراوە بۆ پاڵاوگەکانی نەوت بۆ ئەوەی پوختە بکرێت بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان | ١,٤٥٧,٩٦٥ | بەرمیل |
| فرۆشتن بۆ پاڵاوگەکان | ٦٦٤,٢٢٠ | بەرمیل |
| ئاڵوگۆڕکردنی نەوتی خاو بەرامبەر دیزڵ و سووتەمەنی نەوتی قورس بۆ بەکارهێنان لە وێستگەکانی وزەی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان | ١,٧٨٧,٠٩١ | بەرمیل |
| فرۆشتنی ناوخۆ | ٦٢٥,٧٥٦ | بەرمیل |
| **کۆی هەناردەکردن و بەکاربردن ، بڕوانە (تێبینی ٤)** | **٩٠,٩٩٧,٩١٤** | **بەرمیل** |
| **شیکاری فرۆشتنی نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری** | **کۆی گشتی لەو ماوەیەدا** | |
| سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران (واتە سافی بڕەکە پاش گواستنەوەکانی تۆمارکراو لەسەر نەوتی خەزنکراو لە کۆگاکاندا و لابردنی پێکهاتەی ئاو)، بڕوانە (تێبینی ٢) و(تێبینی ٥) | ٨١,٨٣٥,٨٨١ | بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | ٣,٦٤٨,٠٥٩٢,٤٠٦ | دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی یەك بەرمیل نەوتی فرۆشراو، بڕوانە (تێبینی ٦) | ٤٤,٥٨٤ | بەرمیل/ $ |
| **شیکاری فرۆشتنی نەوتی خاوی گواستراوە بە تانکەر** | **کۆی گشتی لەو ماوەیەدا** | |
| سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران (واتە سافی بڕەکە پاش گواستنەوەکانی تۆمارکراو لەسەر نەوتی خەزنکراو لە کۆگاکاندا و لابردنی پێکهاتەی ئاو)، بڕوانە (تێبینی ٣) و(تێبینی ٥) | ٥,١٤٤,٧٢٩ | بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | ٢٠٥,١٨٥,٤٥١ | دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی یەك بەرمیل نەوتی فرۆشراو (**) | ٣٩,٨٨٣ | بەرمیل/ $ |

*(**) بۆ فرۆشی نەوتی خاوی هەناردەکراو بە تانکەر، تێچووی زیاتری هەناردە هەیە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کڕیارەوە دراوە و دواتر لەگەڵ نرخی فرۆشتندا هەژمارکراوە (بۆ نموونە تێچووی گواستنەوە و کۆگاکردن).*

| **ڕێڕەوی دارایی (التدفق المالي)** | **کۆی گشتی لەو ماوەیەدا** | |
|---|---|---|
| **کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندینسەیتی فرۆشراو (هەناردەکراو لەڕێی بۆری و تانکەر، و فرۆشتنی ناوخۆ)** | **٣,٨٥٣,٧٧٧,٨٥٧** | **دۆلاری ئەمریکی** |
| سافی جوولە (الحركة النقدية) لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان (بەبێ پێدانی پارەی پێشەکی) | (١٢١,٢٠٠,٧٠٦) | دۆلاری ئەمریکی |
| سوود و ڕسووماتی دیکە پەیوەندیدار بە کڕیارەکانەوە، بڕوانە (تێبینی٧) | (٩١,٢٢٨,١٣٦) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت | (٦٢٤,٩٩٨,٤٧٢) | دۆلاری ئەمریکی |
| خەرجییە گشتییەکانی دیکە جگە لەوانەی سەرەوە لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕوانە (تێبینی٨) | (٦٣٨,١٧٨,٦٤٧) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بۆ پارێزگای کەرکوک بەرامبەر نەوتی گواستراوە لە کەرکوکەوە (بە پترۆدۆلار) | (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بەرامبەر بە تێچووەکانی پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان | (١٤,٥٩٢,١٠٠) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بەرامبەر چارەسەرکردنی ناکۆکی لەڕێی ناوبژیوانی (تحكيم)، بڕوانە (تێبینی٩) | (٥١٨,١٦٩,١٢٧) | دۆلاری ئەمریکی |
| **سافی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی فرۆشتنی نەوت** | **١,٨١٥,٤١٠,٦٦٩** | **دۆلاری ئەمریکی** |
| **پارەدانی پێشەکی نوێ لەلایەن کڕیارانەوە بەرامبەر بە فرۆشییەکانی داهاتوو** | **١٨٣,٨٢٥,٣٣٣** | **دۆلاری ئەمریکی** |



کوردی

# تێبینییەکانی خشتەی ژمارە ١

## هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت

**وردبینی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ی تەمموزی ٢٠١٧ تا ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٧.**

***تێبینی ١***

*هەموو ژمارەکانی خشتەی (١) لە ماوەی نێوان ١ی تەمموزی ٢٠١٧ تا ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٧ بۆ زانیارییەکانی هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت، لەسەر بنەمای ئەو تۆمارانەن کە لەلایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراون.*

***تێبینی ٢***

| | | |
|---|---|---|
| *کۆی نەوتی خاوی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە* | ٨٢,٠٢٠,٣٨٥ | بەرمیل |
| *زیادبوون (کەمبوونەوە) لە کۆگاکان لە تێرمیناڵی نەوتدا* | (٤٧١,٤١٣) | بەرمیل |
| *نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری* | **٨١,٥٤٨,٩٧٢** | **بەرمیل** |

***تێبینی ٣***

| | | |
|---|---|---|
| *کۆی نەوتی خاوی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە* | ٥,١٤٩,٩٢٨ | بەرمیل |
| *زیادبوون (کەمبوونەوە) لە کۆگاکان لە تێرمیناڵی نەوتدا* | (٢٣٦,٠١٨) | بەرمیل |
| *هەناردەی نەوتی خاو بە تەنکەر لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان* | **٤,٩١٣,٩١٠** | **بەرمیل** |

***تێبینی ٤***

*کۆی گشتی هەناردەکان و بەکاربردن هیچ لەمانەی خوارەوە ناگرێتەوە: (١) نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی تەرخانکراو وەك قەرەبوو بۆ بەرهەمهێنەرانی نەوت، و (٢) کۆندێنسەیتی فرۆشراو لەلایەن کۆمپانیای دانە غاز. خشتەی (١) ئەم بڕانە لە کۆی هەناردەکردن و بەکاربردن ناگرێتەخۆی چونکە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان مافی وەرگرتنی هیچ لە داهاتی فرۆشتنەکان یان بەکاربردنی ئەو نەوتە خاوە یان کۆندێنسەیتەی نییە.*

| | | |
|---|---|---|
| *نەوتی خاو/کۆندێنسەی تەرخانکراو وەك قەرەبوو بۆ بەرهەمهێنەرانی نەوت* | *٤,٠٠٨,١٢٥* | بەرمیل |
| *کۆندێنسەیتی فرۆشراو لەلایەن کۆمپانیای دانە غاز بۆ کڕیاران* | *٣٤٧,٢٠٦* | بەرمیل |
| ***کۆی گشتی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی تەرخانکراو وەك قەرەبوو یان فرۆشراو لەلایەن بەرهەمهێنەرانەوە*** | ***٤,٣٥٥,٣٣١*** | **بەرمیل** |

***تێبینی ٥***

*کۆی گشتی هەناردەکراو لەرێی بۆرییەوە بریتییە لە ٨٢,٠٢٠,٣٨٥ بەرمیل، لەکاتێکدا سافی بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو لەرێی بۆرییەوە بریتییە لە ٨١,٨٣٥,٨٨١ بەرمیل. کۆی گشتی هەناردەکراو لەرێی تەنکەر بریتییە لە ٥,١٤٩,٩٢٨ بەرمیل، لەکاتێکدا سافی بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو لەرێی تەنکەرەوە بریتییە لە ٥,١٤٤,٧٢٩ بەرمیل. هۆکاری جیاوازی نێوان کۆی گشتی هەناردەکردن و بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو دەگەڕێتەوە بۆ لابردنی خەوشەکان، وەك ئاو.*

***تێبینی ٦***

*سافی ژمارەی بەرمیلی هەناردەکراو لەرێی بۆرییەوە لەگەڵ تێکڕای یەك بەرمیلی نەوتی فرۆشراو لە یەك مانگدا بەم شێوەیەی خوارەوە:*

| تەمموزی ٢٠١٧ | ئابی ٢٠١٧ | ئەیلولی ٢٠١٧ | تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ | تشرینی دووەمی ٢٠١٧ | کانونی یەکەمی ٢٠١٧ | نیوەی دووەمی ٢٠١٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| *١٦,٣٣٨,٦٤٩ بەرمیل* | *١٧,٤٤٨,٧٢٧ بەرمیل* | *١٨,٢٨٣,٩٣٠ بەرمیل* | *١٢,٩٨٨,٥٣٤ بەرمیل* | *٧,٣٨٢,٨٣١ بەرمیل* | *٩,٣٩٣,٢١٠ بەرمیل* | *٨١,٨٣٥,٨٨١ بەرمیل* |
| *٣٧,٨٠٦ دۆلار/بەرمیل* | *٤١,٤١١ دۆلار/بەرمیل* | *٤٥,٠٤٦ دۆلار/بەرمیل* | *٤٦,٩٣٣ دۆلار/بەرمیل* | *٥١,٥٠٨ دۆلار/بەرمیل* | *٥٢,٦٧٩ دۆلار/بەرمیل* | *٤٤,٥٨٤ دۆلار/بەرمیل* |

***تێبینی ٧***

*سوود و ڕسووماتەکانی دیکەی کڕیاران کە بەهاکەی ٩١,٢٢٨,١٣٦ دۆلاری ئەمریکییە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:*
*١) ٥١,٤٤٧,٢٨٨ دۆلاری ئەمریکی تێچووی گواستنەوە بە تانکەر؛*
*٢) ٤٤١,٧٠٣ دۆلاری ئەمریکی سزاکانی دواکەوتنی کارگۆی پێشتری نەوتی خاوە لە ماوەی نیوەی دووەمی ٢٠١٧؛*
*٣) ٦٦٦,٥٦٣ دۆلاری ئەمریکی ئەتعابی هەڵوەشاندنەوەی کارگۆ؛ و*
*4) ١٣,١٩٣,١٣٨ دۆلاری ئەمریکی ڕەسمی سوود و ڕەسمەکانی دیکە لە ماوەی نیوەی دووەمی ٢٠١٧؛ و*
*٥) ٢٥,٤٧٩,٤٤٤ دۆلاری ئەمریکی لە بەرامبەر سکاڵای ناپێوانەبوونی نەوتی خاوی کارگۆی پێشتر (٢٠١٥ و ٢٠١٦ و نیوەی یەکەمی ٢٠١٧) کە لە نیوەی دووەمی ٢٠١٧دا پەسەندکراوە.*

***تێبینی ٨***

*خەرجییە گشتییەکان بۆ لایەنەکانی دیکە جگە لە بەرهەمهێنەران و کڕیارانی نەوت کە بەهاکەی ٦٣٨,١٧٨,٦٤٧ دۆلاری ئەمریکییە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:*
*١) ٢٣٣,٩٤٠,٦١٥ دۆلاری ئەمریکی لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC)؛*
*٢) ١٦٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بۆ دانەوەی قەرزی هەریەك لە کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتیی تورکی (TPIC)؛*
*٣) ٧,٣١٥,٩٢٤ دۆلاری ئەمریکی بۆ دانەوەی قەرزی تایبەت بە دامەزراوەی (UK Export Finance) بۆ پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆی کۆمپانیای Biwater بۆ بەرژەوەندی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار؛*
*٤) ٧٧,٥٤٠,٠٠١ دۆلاری ئەمریکی بۆ فراوانکردنی بۆرییەکانی نەوت؛*
*٥) ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بۆ کۆمپانیای ماس گلۆباڵ بەرامبەر بە دابینکردنی کارەبا بۆ هەرێمی کوردستان؛*
*٦) ٥٤,٧٨٢,١٠٧ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بەو سووتەمەنییەی بۆ وەزارەتی کارەبا کراوە بە مەبەستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا؛*
*٧) ٤,٦٠٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بۆ داپۆشینی تێچووی پرۆژەکانی دیکەی تایبەت بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.*

***تێبینی ٩***

*بڕی ٥١٨,١٦٩,١٢٧ دۆلاری ئەمریکی لە داهاتەکانی نەوتەوە تایبەت بە چارەسەرکردن لەرێی ناوبژییەوە. بەهای تەواوی چارەسەرەکە بەرزترە لەو بڕە پارەیە و ئەم ڕەسیدەش لە داهاتی دیکەی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەئمینکراوە.*

کوردی

# راپۆرتی دووەمی دیلۆیت

## خشتەی ژمارە ١

### هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت

**وردبینی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ی کانونی دووەمی ٢٠١٨ تا ٣١ی ئاداری ٢٠١٨.**

| هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری، بڕوانە (تێبینی ٢) | ٢٨,٣٣٧,٩٩٩ | بەرمیل |
| نەوتی خاوی هەناردەکراو بە تانکەر لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستانەوە، بڕوانە (تێبینی ٣) | - | بەرمیل |
| ئاڵوگۆڕکردنی نەوتی خاو بەرامبەر دیزڵ و سووتەمەنی نەوتی قورس بۆ بەکارهێنان لە وێستگەکانی وزەی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٥٥٩,٣٤١ | بەرمیل |
| فرۆشتن بۆ پاڵاوگەکان | ٦٠٩,٦٤٩ | بەرمیل |
| فرۆشتنی ناوخۆ | ٩٩٦,٤٥٨ | بەرمیل |
| **کۆی هەناردەکردن و بەکاربردن ، بڕوانە (تێبینی ٤)** | **٣٠,٥٠٣,٤٤٧** | **بەرمیل** |
| **شیکاری فرۆشتنی نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری** | **کۆی گشتی لەو ماوەیەدا** | |
| سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران (واتە سافی بڕەکە پاش گواستنەوەکانی تۆمارکراو لەسەر نەوتی خەزنکراو لە کۆگاکاندا و لابردنی پێکهاتەی ئاو)، بڕوانە (تێبینی ٢) و(تێبینی ٥) | ٢٨,٤٤٧,٨٤٨ | بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | ١,٥٥٩,٤١٢,٤١٠ | دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی یەك بەرمیل نەوتی فرۆشراو، بڕوانە (تێبینی ٦) | ٥٤,٨١٧ | بەرمیل/ $ |
| **شیکاری فرۆشتنی نەوتی خاوی گواستراوە بە تانکەر** | **کۆی گشتی لەو ماوەیەدا** | |
| سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران (واتە سافی بڕەکە پاش گواستنەوەکانی تۆمارکراو لەسەر نەوتی خەزنکراو لە کۆگاکاندا و لابردنی پێکهاتەی ئاو)، بڕوانە (تێبینی ٣) و(تێبینی ٥) | ٤٠٨,٢٧٧ | بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | ٢٠,١١٧,٠٣٧ | دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی یەك بەرمیل نەوتی فرۆشراو (*) | ٤٩,٢٧٣ | بەرمیل/ $ |
| *(*) بۆ فرۆشی نەوتی خاوی هەناردەکراو بە تانکەر، تێچووی زیاتری هەنارده هەیە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کڕیارەوە دراوە و دواتر لەگەڵ نرخی فرۆشتندا هەژمارکراوە (بۆ نموونە تێچووی گواستنەوە و کۆگاکردن).* | | |
| **شیکاری فرۆشتنەکان بۆ پاڵاوگەکانی نەوت و فرۆشتنەکانی ناوخۆ** | **کۆی گشتی لەو ماوەیەدا** | |
| سافی نەوت (نەوتی خاو و کۆندێنسەیت)ی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە (سافی بڕەکە پاش لابردنی پێکهاتەی ئاو و ئەو بڕەیەی بە فیڕۆ دەچێت بە هۆی بەهەڵمبوون (لێچوون) لە کاتی گواستنەوەدا) | ١,٦٠٦,١٠٧ | بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو | ٨٤,١٧٩,٣٣٤ | دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی یەك بەرمیلی نەوتی فرۆشراو (**) | **٥٢.٤١٢** | **بەرمیل/ $** |
| *(**) نرخی کۆندێنسەیت بە دۆلار/ تەن حیساب کراوە، لەم ڕاپۆرتەدا کراوەتە هاوتای خۆی بە بەرمیل.* | | |
| **ڕێڕەوی دارایی (التدفق المالي)** | **کۆی گشتی لەو ماوەیەدا** | |
| **کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو (هەناردەکراو لەڕێی بۆری و تانکەر، و فرۆشتنی ناوخۆ)** | **١,٦٦٣,٧٠٨,٧٨١** | **دۆلاری ئەمریکی** |
| سافی جووڵە (الحركة النقدية) لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان (بەبێ پێدانی پارەی پێشەکی) | (٤٢٨,٧٦٠,٥١٣) | دۆلاری ئەمریکی |
| سوود و ڕسووماتی دیکە پەیوەندیدار بە کڕیارەکانەوە، بڕوانە (تێبینی٧) | (١٣,٧٣١,٤٣٦) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت | (٤٥٩,٢٦٣,٣٣٠) | دۆلاری ئەمریکی |
| خەرجییە گشتییەکانی دیکە جگە لەوانەی سەرەوە لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕوانە (تێبینی٨) | (٣٣٦,٨١٩,١٠٦) | دۆلاری ئەمریکی |
| داهاتی سەربار لە ڕێککەوتنی مۆڵەتدانی تایبەت بە بۆری هەناردەکردن، بڕوانە (تێبینی٩) | (٢٢٣,٤٥٥,٠٤٧) | دۆلاری ئەمریکی |
| **سافی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی فرۆشتنی نەوت و چالاکییە پەیوەندیدارەکاندا** | **٦٤٨,٥٨٩,٤٤٣** | **دۆلاری ئەمریکی** |

Kurdistan Regional Government of Iraq 6

کوردی

# تێبینییەکانی خشتەی ژمارە ١

## هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت

**وردبینی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ی کانونی دووەمی ٢٠١٨ تا ٣١ی ئاداری ٢٠١٨.**

***تێبینی ١***

*هەموو ژمارەکانی خشتەی (١) لە ماوەی نێوان ١ی کانونی دووەمی ٢٠١٨ تا ٣١ی ئاداری ٢٠١٨ بۆ زانیارییەکانی هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت، لەسەر بنەمای ئەو تۆمارانەن کە لەلایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراون.*

***تێبینی ٢***

| | | |
|---|---|---|
| *کۆی نەوتی خاوی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە* | ٢٨,٤٩٦,٠٦٣ | بەرمیل |
| *زیادبوون (کەمبوونەوە) لە کۆگاکان لە تێرمیناڵی نەوتدا* | (١٥٨,٠٦٤) | بەرمیل |
| *نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری* | **٢٨,٣٣٧,٩٩٩** | **بەرمیل** |

***تێبینی ٣***

| | | |
|---|---|---|
| *کۆی نەوتی خاوی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە* | ٤٠٨,٧٥٧ | بەرمیل |
| *زیادبوون (کەمبوونەوە) لە کۆگاکان لە تێرمیناڵی نەوتدا* | (٤٠٨,٧٥٧) | بەرمیل |
| *هەناردەی نەوتی خاو بە تەنکەر لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان* | **-** | **بەرمیل** |

***تێبینی ٤***

*کۆی گشتی هەناردەکان و بەکاربردن هیچ لەمانەی خوارەوە ناگرێتەوە: (١) نەوتی خاو و کۆندنیسەیتی تەرخانکراو وەك قەرەبوو بۆ بەرهەمهێنەرانی نەوت، و (٢) کۆندنیسەیتی فرۆشراو لەلایەن کۆمپانیای دانە غاز. خشتەی (١) ئەم بڕانە لە کۆی هەناردەکردن و بەکاربردن ناگرێتەخۆی چونکە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان مافی وەرگرتنی هیچ لە داهاتی فرۆشتنەکان یان بەکاربردنی ئەو نەوتە خاوە یان کۆندنیسەیتەی نییە.*

| | | |
|---|---|---|
| *نەوتی خاو/کۆندنیسەی تەرخانکراو وەك قەرەبوو بۆ بەرهەمهێنەرانی نەوت* | *١,٥٢٤,٧٣٩* | بەرمیل |
| *کۆندنیسەیتی فرۆشراو لەلایەن کۆمپانیای دانە غاز بۆ کڕیاران* | *٣٧٧,١٧٨* | بەرمیل |
| ***کۆی گشتی نەوتی خاو و کۆندنیسەیتی تەرخانکراو وەك قەرەبوو یان فرۆشراو لەلایەن بەرهەمهێنەرانەوە*** | ***١,٩٠١,٩١٧*** | **بەرمیل** |

***تێبینی ٥***

*کۆی گشتی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەوە بریتییە لە ٢٨,٤٩٦,٠٦٣ بەرمیل، لەکاتێکدا سافی بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو لەڕێی بۆرییەوە بریتییە لە ٢٨,٤٤٧,٨٤٨ بەرمیل. کۆی گشتی هەناردەکراو لەڕێی تەنکەر بریتییە لە ٤٠٨,٧٥٧ بەرمیل، لەکاتێکدا سافی بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو لەڕێی تەنکەرەوە بریتییە لە ٤٠٨,٢٧٧ بەرمیل. هۆکاری جیاوازی نێوان کۆی گشتی هەناردەکردن و بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو دەگەڕێتەوە بۆ لابردنی خەوشەکان، وەك ئاو.*

***تێبینی ٦***

*سافی ژمارەی بەرمیلی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەوە لەگەڵ تێکڕای یەك بەرمیلی نەوتی فرۆشراو لە یەك مانگدا بەم شێوەیەی خوارەوە:*

| **کانونی دووەمی ٢٠١٨** | **شوباتی ٢٠١٨** | **ئاداری ٢٠١٨** | **چارەکی یەکەمی ٢٠١٨** |
|---|---|---|---|
| *٨,٢٨٦,٨٥٧ بەرمیل* | *١٠,١٩٥,٨٩٨ بەرمیل* | *٩,٩٦٥,٠٩٣ بەرمیل* | *٢٨,٤٤٧,٨٤٨ بەرمیل* |
| *٥٧,٤١٨ دۆلار/بەرمیل* | *٥٢,٨٠٠ دۆلار/بەرمیل* | *٥٤,٧١٦ دۆلار/بەرمیل* | *٥٤,٨١٧ دۆلار/بەرمیل* |

***تێبینی ٧***

*سوود و رسووماتەکانی دیکەی کڕیاران کە بەهاکەی ١٣,٧٣١,٤٣٦ دۆلاری ئەمریکییە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:*
*١) ٤,٢٧٩,٥٦٣ دۆلاری ئەمریکی تێچووی گواستنەوە بە تانکەر؛*
*٢) ٤,٦٣٣,٣٢٥ دۆلاری ئەمریکی وەك سوودی چارەکی یەکەمی ٢٠١٨؛*
*٣) ٧٧،٨٣٣ دۆلاری ئەمریکی سزاکانی دواکەوتنی کارگۆی پێشتری نەوتی خاوە کە لە چارەکی یەکەمی ٢٠١٨دا پەسەندکراوە ؛ و*
*٤) ٤,٧٤٠,٧١٥ دۆلاری ئەمریکی لە بەرامبەر سکاڵای ناپێوانەبوونی نەوتی خاوی کارگۆی پێشتر کە لە چارەکی یەکەمی ٢٠١٨دا پەسەندکراوە.*

***تێبینی ٨***

*خەرجییە گشتییەکان بۆ لایەنەکانی دیکە جگە لە بەرهەمهێنەران و کڕیارانی نەوت کە بەهاکەی ٣٣٦,٨١٩,١٠٦ دۆلاری ئەمریکییە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:*
*١) ٩٣,٨٩٩,٦٦١ دۆلاری ئەمریکی لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC)؛*
*٢) ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بۆ دانەوەی قەرزی هەریەك لە کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتیی تورکی (TPIC)؛*
*٣) ٧,١٠٣,١٥٧ دۆلاری ئەمریکی بۆ دانەوەی قەرزی تایبەت بە دامەزراوەی (UK Export Finance) بۆ پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆی کۆمپانیای Biwater بۆ بەرژەوەندی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار؛*
*٤) ٧٥,٠٠٠,٠٣٠ دۆلاری ئەمریکی بۆ کۆمپانیای ماس گڵۆباڵ بەرامبەر بە دابینکردنی کارەبا بۆ هەرێمی کوردستان؛*
*٥) ٣٩,٦٤٥,٥٦٩ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بەو سووتەمەنییەی بۆ وەزارەتی کارەبا کڕاوە بە مەبەستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا؛*
*٦) ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە خزمەتگوزاری پیشەیی بۆ بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کرێی ئەتعاب بە شێوەیەکی سەرەکیش پەیوەندی بە چارەسەرکردن (تسوية) لەگەڵ کۆمپانیای دانا غازەوە هەیە؛ و*
*٧) ١,١٧٠,٦٨٩ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە خزمەتگوزاری پێشکەشکراو بە وەزارەتی کارەبا (پرۆژەی پێوەری کارەبای زیرەك).*

***تێبینی ٩***

*سەرەڕای داهاتەکانی فرۆشی نەوت، بڕی ٢٢٣,٤٥٥,٠٤٧ دۆلاری ئەمریکی گواستراوتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ کە پەیوەندی هەیە بە رێککەوتنی مۆڵەتپێدانی بۆری هەناردەکردن ، و ئەم بڕە پارە زیادەیە لە داهاتی فرۆشی نەوت نەبوو، بەڵام وا پیشان دەدرێت وەك فەندێکی وەرگیراو لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری و تەنها بۆ یەك جار لە دەرئەنجامی پرۆسەکانی نەوت لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لەم راپۆرتەدا دانراوە.*

## دەربارەی ڕێکخراوی ستۆپ

ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی (STOPAC) ڕێکخراوێکی کوردستانیە بەگوێرەی یاسای (1)ی ساڵی 2011 لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان لە ساڵی 2013 تۆمارکراوە، ڕێکخراوی ستۆپ لەبواری بەدامەزراوەیی کردن و ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵیو بەهێزکردنی بواری لێپرسینەوەو شەفافیەت لەهەرێمی کوردستان کاردەکات، ئەویش لەڕێگای پاڵپشتی بۆ بەهێزکردنی دامودەزگاکانی تایبەت بە چاودێری و لێپرسینەوە و نەهێشتنی گەندەڵی و دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵیان، هاوکات چاودێریکردنو بەشداری کردن لە فشارە مەدەنیەکان و جێبەجێ کردنی پرۆژەی درێژخایەن لەو بوارە. ئۆفیسی سەرەکی ڕێکخراو لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

## بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ستۆپ

1. زنجیرەی یەکەم: ڕاپۆرتی وەرزی یەکەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان
2. زنجیرەی دووەم: ڕاپۆرتی وەرزی دووەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان
3. زنجیرەی سێیەم: ڕاپۆرتی وەرزی سێیەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان
4. زنجیرەی چوارەم: ڕاپۆرتی وەرزی چوارەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان
5. زنجیرەی پێنجەم: ڕاپۆرتی ساڵانە (2015 - 2016) داتاکانی گەندەڵی
6. زنجیرەی شەشەم: ڕاپۆرتی وەرزی پێنجەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان
7. زنجیرەی حەفتەم: ڕاپۆرتی وەرزی شەشەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان
8. زنجیرەی هەشتەم: ڕاپۆرتی وەرزی حەفتەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان
9. زنجیرەی نۆیەم: ڕاپۆرتی وەرزی هەشتەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان
10. زنجیرەی دەیەم: ڕاپۆرتی (چاودێری و هەڵسەنگاندنی بڕیار و ڕاسپاردەکان) بڕیار و ڕاسپاردەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان 2016/1/1 تاوەکو 2016/12/9
11. زنجیرەی یازدەیەم: اپۆرتی ساڵانە (2016 - 2017) داتاکانی گەندەڵی
12. زنجیرەی دوازدەیەم: بەشداری کۆمەڵی مەدەنی لە پرۆسەی چاکسازی و ڕوبەروبونەوەی گەندەڵی
13. زنجیرەی سێزدەیەم: ئەنجامی ڕاپرسیەك لەبارەی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و پێشخستنی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان
14. ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن و ئاستی جێ بەجێ کردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری (1)
15. ڕاپۆرتی بەرەو بەهێزترکردنی ڕۆڵی دەزگای داواکاری گشتی
16. ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن و ئاستی جێ بەجێ کردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری (2)
17. گلۆسەری چەمک و زاراوەکانی گەندەڵی و حوکمڕانی چاک
18. شەفافیەتی نەوتی کوردستان لە چاوی دیلۆیتەوە

www.stopac.org
info@stopac.org
(0964) 0750 485 5967

# KRG's Oil Transparency from the Deloitte's Perspective

Prepared by: Stop Organization

Sangar Rasul

Farman Rashad

Ary Abdullah

The aforementioned sector lacks transparency measures. The sole window that we have got to receive information about oil revenue and agreements is Deloitte. It has an audit agreement with the KRG to conduct auditing part of the production and sales of extracted oil by KRG. Through implementing this agreement, Deloitte has published around 3 reports on the production, sales, expenditures and revenues for a limited time.

Due to the lack of transparency, this work focuses on the published reports of Deloitte as the only available source so as to compare and investigate the credibility of the figures, in terms of oil production, that are stated in the reports. Through analyzing the reports, we could say that it is beneficial to have such reports but still there are many questions that have not been answered and remained unclear. According to the facts presented in the reports mentioned previously, for instance, the KRG only receives half of the revenues that it gains from the sale of each barrel of oil. Yet, no explanation has been offered in the reports as to why?

This work is also tries to remind officials, especially the members of the Kurdistan Region parliament, the risks of not having a very transparent process for our main revenue. It also refers to some of other agreements and the background of the oil production process of the past ten years. Furthermore, this report attempts to encourage the government and others to revise their transparency policy and hopes that this work could participate to shed light on some details of this dark process!

بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ستۆپ زنجیرەی (18) ساڵی 2019

www.stopac.org info@stopac.org